مەنسوور حیکمەت

# پۆپۆلیزم لە بەرنامەی لانی کەمدا

وەرگێڕانی: ناسری حیسامی
تایپکردنەوەی: نەسرەوت عوسمان
پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید



## پۆپۆلیزم لە بەرنامەی لانی کەمدا

(ڕەخنەیەک لەسەر، فیداییانی خەڵک دەڵێن چی؟)

### پێشەکیی چاپی چوارەم

خەبات بۆ سڕینەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتی چینە غەیرە پرۆلیتێرەکان لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، ئەرکی وچانهەڵنەگری کۆمۆنیستەکانە. ئەمڕۆ بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بێگومان قۆناغێکی تازە لە خەباتی تیۆریی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە دژی ئۆپۆرتیۆنیزم و ڕیڤیژینیزم لە ئێران دەستپێ دەکات. لەم نێوەدا هەڵوێستگرتن بەرانبەر بە ڕەوتگەلی وەک ئەقەلییەت و ڕاهی کارگر و بە گشتی ئەو بەشە کەلە ڕیڤیژینیزمی مۆدێرن ئیلهام وەردەگرێ، وە لە ڕەوتی حەرەکەتی تا ئێستای خۆیدا، گەشەی خۆی لەوەدا نیشان داوە کە لە باڵی ڕاستی سۆسیالیزمی وردەبۆرژواییەوە بووەتە ڕیڤیژینیزمی مۆدێرنی تۆخ و پڕبەپڕ جێگا و شوێنێکی تایبەتی هەیە. ڕەخنەگرتنی هەمە لایەنە لە بیروڕا و سیاسەتە لادەرانەکانی ئەم ڕەوتانە، بە مەبەستی ئەوەی ئەزموونی شکستە تاڵەکانی پێشوو بۆ چینی کرێکار دووپات نەبنەوە، لە دەستووری حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندایە.

وەک هەنگاوێک لە خزمەت ئەم خەباتە ئایدیۆلۆژیکەدا، ئێمە بە باشمان زانی جارێکی تر ئەم نامیلکەیە بڵاو بکەینەوە، بە تایبەت بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و وەبیرهێنانەوەی جەوهەر و زەمینە و

پێشینەی ناکۆکییە تیۆرییەکانی نێوان مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و ڕەوتی فیدایی لە ڕابوردوودا، وە بۆ پەردەلادان لەسەر ئەوە کە ئەم ڕەوتە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا چەندە هەڵچوون و داچوونی بووە و چلۆن بەپێی بەرژەوەندی خۆی بەم بار و بەو باردا وەرچەرخانی تیۆری کردووە.

یەکێک لەو خاڵانەی وا بڵاوبوونەوەی ئەم نامیلکەیە یاریدەی ڕوونبوونەوەیان دەدا ئەوەیە، کە ئەو ڕادیکاڵیزمەی وا ئەقەلییەت، لەژێر گوشاری ڕاستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵ و بزووتنەوەی چینی کرێکاردا لە هەندێک لە دروشمەکان و داخوازە بەرنامەیییەکانی خۆی هەڵسووە، لاساییکردنەوەیەکی ڕووکەشییانەیە و ڕەنگێکی تەواو بەرژەوەندخوازانەی پێوەیە.

لە وەڵامی ئەم ڕەخنە موشەخەسەی ئێمەدا ئەقەلییەت خۆی لە گێلی داوە و نوسیویەتی:

"بەیاننامە (مەبەستی بەیاننامەی هاوبەشی کۆمەڵە و "ی. ت. ک./ یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" لە بابەت ئەقەلییەت و ڕاهی کارگەرەوەیە) هەروەها بانگەشە دەکا کە گوایە سازمانی ئێمە بەرنامەی عەمەلی خۆی لە بەرنامەی لانی کەمی کۆمەڵە و سەهەند هەڵێنجاوە" و پاشان دەنووسێ: "ئێمە بە ناچار ئەوە دەستنیشان دەکەین کە بەرنامەی عەمەلی ئێمە دوو مانگ پاش یەکەمین کۆنگرەمان لە سێیەمین ساڵی ڕاپەڕینی ڕێبەنداندا، ساڵی 1365 لە ژمارە 150ی گۆڤاری "کار"دا بڵاو کرایەوە. یانی کاتێک کە هێشتا نە باسی بەرنامەی کۆمەڵە و سەهەند هاتبووە گۆڕ و نە بەرنامە پێشکەش کرابوو. بەرنامەی کۆمەڵە و سەهەند مانگی گوڵانی ساڵی 61 بڵاو کرایەوە ... " (ڕێگای گەل، ژمارە 100)



لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە ئێمە خۆمان بە باشی لەوە ئاگادارین کە ناکۆکیی تیۆری و سیاسی نێوان مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ڕێککەوتوو لە حیزبی کۆمۆنیست و ڕەوتی ئەقەلییەت چەندە قووڵە. ئێمە ڕەخنەمان لەوە نییە کە هەندێک دروشمی بەرنامەیی ئێمە لە هەڵوێستەکانی ئەقەلییەتدا دووپات کراونەتەوە، بەڵکوو ڕەخنەمان لەوەیە کە ئەم وەرگرتن و دووپاتکردنەوەیە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و کاتی و ڕووکەشییە. ئێمە هەر وەک پێشتریش جەختمان لەسەر کردووە و لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشدا بە ڕوونی و ڕاشکاوی بەیان کراوە، ڕەچاوکردن و بەدەستەوەگرتنی درووشمەکانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە لایەن هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە، تەنانەت ئەگەر تاقە یەک درووشم و یەک داخوازی دیموکراتیکیش بێ، بە هەنگاوێکی بەرەو پێش دەزانین و خۆمان هەڵسووڕاوانە بۆ پەرەپێدانی ئەم درووشمانە هەوڵ دەدەین. بەڵام دووپاتکردنەوەی ئەم دروشمانە لە لایەن ئەقەلییەتەوە، کە لە لایەکەوە لە بناغە سەرەکییەکانی باوەڕی ئایدیۆلۆژیکی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر بەرەو بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ڕیڤیژینیزم دەچێ، وە لە لایەکی ترەوە زیاتر لە جاران دوژمنایەتی سیاسی و ئاکاری لادەرانەی خۆی لە دژی پارێزەرانی شێلگیری ئەم دروشمانە توندوتیژ دەکاتەوە، ناتوانێ نیشاندەری ئەوە نەبێ کە ئەم ڕێکخراوە بڕوایەکی ڕاستەقینەی بەم درووشم و داخوازییانە نییە، وە سەرجەمی ئەم حەرەکەتە ڕادیکاڵیزمێکە کە بەسەر فیداییاندا سەپاوە و ئەویش بۆ دوانەکەوتن لە ئاستی بزووتنەوەی عەمەلی ملی پێ داوە. ئەگەر وا نەبێ، دیارە نزیکبوون لە درووشمەکانی ئێمە، بۆ کەسێک کە بە شایەدیی مێژووی زیندوو و تۆمارکراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی

<u>ئەم درووشمانە قەبووڵ بکا</u>، ناتوانێ بە مانای نزیکایەتی و هاوپشتییەکی سیاسی و عەمەلیی زیاتر لەگەڵ ئێمە وەک ئالاهەلگرانی چەندین ساڵەی ئەم درووشم و سیاسەتانە نەبێ.

جگە لەمەش، ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕووی ڕۆژمێریشەوە بەو جۆرە نییە کە ئەقەلییەت بانگەشەی بۆ دەکا. بەرنامەی "یەکێتیی تێکۆشەرانیی کۆمۆنیست"، کە ئوسووڵ و بیروباوەڕی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانی لە قاڵبی بەرنامەیەکدا بەیان دەکرد، لە باری جەوهەر و ناوەڕۆکەوە (و تەنانەت لە زۆر جێگادا لە باری شێوەی بەیانکردنیشەوە) جیاوازییەکی لەگەڵ بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست نەبوو، لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی 1360دا، یانی 11 مانگ پێش گۆڤاری "کار"ی ژمارە 150، بە تیراژێکی زۆر، بە ئاشکرا بڵاو کرابووەوە. جگە لەمەش پێشنووسی یەکەمی بەرنامەی هاوبەشی کۆمەڵە و "یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست" مانگی ڕەزبەری ساڵی 60، یانی چوار مانگ پێش "کاری 150" لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بڵاو کرایەوە و تەنانەت بە دەستی بچووکترین کۆڕ و کۆمەڵ و ئەڵقە کۆمۆنیستەکانیش گەیشت. بەم جۆرە ئاشکرایە کە ئەقەلییەت لە بەڵگەهێنانەوەکەی خۆیدا، بێهوودە مانگی گوڵانی 61 کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست بە ئاشکرا بڵاو کرایەوە، بە سەرەتا دادەنێ. وە لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە تەنیا باسی "دزییەکی ئەدەبی"ی بێدەنگە لێکراومان نەکردووە، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە باسی ئەوەمان کردووە کە پەنابردنی بەرژەوەندخوازانەی ئەقەلییەت بۆ هەندێک لە بیروڕا و حوکمە بەرنامەییەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ وەک خۆ بە ڕادیکاڵ هەڵخستنێک، دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی بیروباوەڕی فیدایی و کارکردەکەنی ئەو ئۆردووگا جیهانییەی وا ئەقەلییەت دیفاعی لێ دەکا هەیە.



ئەم نامیلکەیە کە لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1359دا ڕێک بۆ ڕەخنەگرتن لە بیروڕا بەرنامەییەکانی ئەو سەردەمەی ئەقەلییەت نووسراوە، بەڵگەیەکی زیندووە بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی وردەبۆرژوایی ڕادیکاڵیزمی پێشووی فیدایی، وە شێوەی هەڵوێستی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەبەرانبەریدا. هەموو خوێنەرێکی بە ئینساف دەتوانێ بە چاوی لێکدانەوە بڕوانێتە ئەو بیروڕایانەی وا ئەقەلییەت لە 5 ساڵی ڕابوردوودا ڕای گەیاندوون، وە بە خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە بەراوردێکی ئەو بانگەشە سەرسوڕهێنەرەی ئەقەلییەت دەیکا کە گوایە ئەم ڕەوتە "هەمیشە" پێی لەسەر بیروڕا و سیاسەتە پڕۆلیتێرییەکان داگرتووە، پاشان بە شێوەیەکی سادە بیروڕا بەرنامەییەکانی فیدایی لە ساڵی 59دا لەگەڵ ئەو دەستەواژانەی کە ئەقەلییەت ئەمڕۆ لە بابەت مەسەلەی ئایین، ئازادییە سیاسییەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس، شووراکان و حوکوومەتی شۆڕشگێڕانە و ئەم جۆرە شتانە، بە شێوەیەکی کاتی وەری گرتوون پێک بگرێ و هەڵیان سەنگێنێ و بۆی دەرکەوێ کە ئێمە ڕەوتی حەرەکەتی تا ئێستا و جێوشوێنی ئەمڕۆی ئەو ڕێکخراوەمان بە باشی لێکداوەتەوە و بە دروستی ناسیومانە و تێیدا بە هەڵە نەچووین.

بڵاوبوونەوەی سەرلەنوێی ئەم نامیلکەیە بێگومان یاریدەی ئەقەلییەت دەدا بۆ ئەوەی ساڵ و مانگ و ڕابوردووی سیاسیی خۆی وەبیر بێنێتەوە و یاریدەشی دەدا بۆ ئەوەی وەڵامی هەندێک لە "ڕەخنەکانی" ئەمڕۆی خۆی بەرانبەر بە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیست، هەر لە هەمان خەباتی ئایدیۆلۆژیکی سێ ساڵ لەوەپێشدا، کە ئەقەلییەت هەر لە بنەڕەتەوە حاشای لێ دەکا، بدۆزێتەوە.

ئێمە هەروەها داوا لە هەموو هەڵسووڕاوانی حیزب دەکەین، بۆ تێگەیشتنی قووڵتری هەندێک خاڵی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، جارێکی تر ئەم نامیلکەیە بخوێننەوە.

**دەستەی نووسەرانی "کۆمۆنیست"**

6ی ڕەزبەری 1362



## پۆپۆلیزم لە بەرنامەی لانی کەمدا

(ڕەخنەیەک لەسەر، "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی؟)

بەیاننامەیەک بە ناوی "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" لە لایەن سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکەوە (هاوڕێیانی ئەقەلییەت) (1) مانگی سەرماوەز بڵاو کراوەتەوە. ئەم بەیاننامەیە بە هۆی جۆراوجۆرەوە، زۆر لە ڕاگەیاندنێک کە هەر تەبلیغی و تەرویجی بێ، گرنگترە. وە ئەمە ئەرکی ڕەخنەگرتن لەو بەیاننامەیەمان دەخاتە سەرشان. گرنگبوونی تایبەتی ئەم بەیاننامەیە لەوەدایە کە، یەکەم: هەنگاوێکە بەرەو ناساندنی "فیداییانی خەڵک" وەک ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی_ ڕێکخراوەیی بۆ ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەسەر بنچینەی دەرکردنی "جۆرە بەرنامەیەک" "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" وێنەیەکە لەو ئاڵایەی کە "فیداییانی خەڵک" هەڵی دەکەن و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بانگەواز دەکەن کە لەدەوری کۆبێتەوە. وە کورتەیەک لە ڕەخنەی "فیداییانی خەڵک" بەرانبەر بە بار و دۆخ و نیزامی ئێستا بەدەستەوە دەدا، ئەو ئاڵوگۆڕانە بەیان دەکا کە دڵخوازی "فیداییانی خەڵک"ە و ئەوان وەک "تاقە هێزێک" بە جەماوەر دەناسێنێ کە شێلگیرانە دیفاع لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵک، یانی ئەو قازانج و بەرژەوەندەی کە لە بەیاننامەکەدا باسیان کراوە، دەکەن. ئەمە دەرکردنی بەرنامەیەکە لە لایەن هاوڕێیانەوە و بانگەوازێکە بۆ هەڵخڕاندنی جەماوەر لەژێر ئاڵای ئەم بەرنامەیەدا و جگە لەمە هیچی دیکە نییە، وە جیاواز لەوەی هاوڕێیان خۆیان تا چ ڕادەیەک وەک بەرنامە چاو لەو بەیاننامەیە دەکەن، ئەم بەڵگەیە بە

لای ئەو جەماوەرەوە کە هاورێیان ڕووی قسەی تێ دەکەن، ناتوانێ دەورێکی تر بگێڕێ جگە لەوەی کە بەڵگەی پێناس و ئاڵای "فیداییانی خەڵک" بێ. بە تەئکیدەوە دەڵێین قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە ئەم بەڵگەیە بە ڕواڵەت وەک بەرنامەیەک (بەشی لانی کەمی بەرنامەیەک) دەچێ، قسە لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامەیی ئەو بابەتانەیە کە لەم بەڵگەیەدا هاتوونەتە گۆڕ. چونکە هەر وەک وتمان " فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" کورتەیەکە لە:

1) ڕەخنەی فیداییانی خەڵک بەرانبەر بەو نیزام و بار و دۆخە کە ئێستا هەیە.

2) بۆچوونیان بەرانبەر بە ئامانجی خەبات.

3) بەم پێیە، تێگەیشتنیان لە ئاڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕانە و لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دەبێ بار و دۆخی ئێستا بیگرێتە خۆ.

4) ناساندن و نیشاندانی ئەو هێزە چینایەتی و ئەو هێزە سیاسییانەی کە دەتوانن و دەبێ ڕابەریی خەبات بۆ "وەدیهێنانی" ئەم ئاڵوگۆڕانە بەدەستەوە بگرن. ئەمانە هەموویان باسی بەرنامەیین و "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی"، هەر وەک دواتر نیشانی دەدەین، بە شێوەیەکی ناتەواو و لق و پۆپ هەڵپاچراو و بێسەرەوبەرە، هەموو ئەم باسانە دێننە گۆڕ و هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەم باسانە دیاری دەکەن.

هەر لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ڕووهێنانی هاورێیان بەرەو پێشکەشکردنی جۆرە بەرنامەیەک بە بزووتنەوەی جەماوەری، بێگومان هەنگاوێکە بەرەو پێش، لە وتارەکانی تری ئەم ژمارەیەدا بە درێژی باسی ئەوەمان کردووە کە ڕەچاوکردنی تاکە سیاسەتێک لە کاری تەبلیغی و ڕێکخراوەییدا، لەسەر بنچینەی بەرنامە لە جەرگەی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی جەماوەریماندا چەندە گرنگە.



لەم ڕوانگەیەوە، "بیاننامە" نیشاندەری هەنگاوێکی گرنگە لە لایەن هاورێیانەوە بەرەو گەشەپێدانی شێوەی هەڵوێستی تبلیغی_تەرویجی هێزە کۆمۆنیستەکان لە بزووتنەوەی جەماوەری. بەڵام هاورێیان کاری باشیان هەر ئەوەندەیە کە جۆرە بەرنامەیەکیان کردووەتە پاڵپشتی تەبلیغ و تەرویجی خۆیان، چونکە "باقی" شتەکە، یانی کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەو داخوازییانەی کە لە "بەیاننامە"دا هاتوونەتە گۆڕ، هەمووی نیشاندەری قەتیسمانە لە زەمینەی مەسەلە بناغەیییەکانی بزووتنەوەدا، وە نیشانەی بە ڕەواناسین و دووپاتکردنەوەی بنچینە پۆپۆلیستییەکانی تیۆری و بەرنامەی بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمەیە. دووەم: گرنگبوونی ئەم بەڵگەیە لەوەدایە کە جەوهەری بۆچوونە تیۆریک و بەرنامەیییەکانی هاورێیان بە کورتی بەیان دەکا. خوێندنەوەی ئەم بەڵگەیە ئیمکانی ئەوە بەدەستەوە دەدا کە هێڵی گشتیی لادانەکانی ئەوانمان لەم بابەتانەوە بۆ ڕوون بێتەوە و ڕەخنەی لێ بگرین. "فیداییانی خەڵک" لەم بەیاننامەیەدا، بە بڕوای ئێمە ئەو بنچینە پۆپۆلیستی و ڕیفۆرمیستی و سیکتاریستییانەی وا لە بیرکردنەوە و سیاسەتیاندا هەیە ئاشکرا دەکەن و ئەرکی هەڵوێستگرتنی هەڵسووڕاوانە بەرانبەر بەو بۆچوونانە دەخەنە سەرشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. کەوایە ئێمە لەم وتارەدا، لە دوو ڕوانگەوە بەرانبەر بەم بەڵگەیە هەڵوێست دەگرین: یەکەم، بە وردی هەموو خاڵەکانی ئەو بەیاننامەیە وەک بەڵگەیەکی بەرنامەیی دەدەینە بەرباس و پاشان برێک لە بابەت ئەوە دەدوێین، کە ئەو بەیاننامەیە بەرانبەر بە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم بۆ پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ چ بۆچوونێکی چەوتی هەیە.

### 1) "فیداییيانی خەڵک دەڵێن چی" وەک بەڵگەیەکی بەرنامەیی

بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی پێش هەموو شتێک بە ڕوونی سیما و جەوهەر و دوائامانجی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی (حیزبی کۆمۆنیست) شی دەکاتەوە و دەیناسێنێ. پاڵپشتی ئەم جەوهەر و دوائامانجە هەردووکیان، ڕەخنەی زانستی و شۆڕشگێڕانە (مارکسیستی)یە لە نیزامی بەرهەمهێنانی ئێستا (بەنیسبەت ئێمەوە، سەرمایەداری لە وڵاتی ژێردەستەی ئیمپریالیزمدا). بەرنامەی کۆمۆنیستەکان بەڵگەی تاوان و سزانامەی ئەم نیزامەیە. سزانامەیەکە کە تێیدا نیزامی ئێستا وەک سەرچاوە و پێکهێنەری هەژاری، چەوسانەوە و بێمافیی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دەناسێندرێ، وە هەر بەم بۆنەیەوە تێکڕووخانی ئەم نیزامە و دامەزراندنی سۆسیالیزم وەک ئاڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا، ئاڵتەرناتیڤێک کە قەیرانی سەرمایەداری خۆی زەمینەی دامەزرانی پێک هێناوە، بە ئامانجی کۆمۆنیستەکان دادەنرێ. خەبات لە پێناو سۆسیالیزمدا پشت بە خەباتی چینێکی دیاری کراو، یانی چینی کرێکار کە خۆی لە جەرگەی ئەم نیزامەدا هەڵقوڵیوە، دەبەستێ و پەیوەندی بە خەباتی ئەو چینەوە هەیە، وە حیزبی کۆمۆنیست وەک گوردانێک لە بزووتنەوەی جیهانی پرۆلیتاریا و وەک ئامرازێکی ڕێکخراوەیی کە پرۆلیتاریا بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری تاقانەی خۆی پێویستی پێی هەیە، دەناسرێ. ئەمە سەرخەتی گشتیی بەشی لانی زۆری بەرنامەیەکی کۆمۆنیستییە. دیارە ئێمە چاوەڕێی ئەوە نین کە بەیاننامەی "فیداییيانی خەڵک دەڵێن چی" باسی هەموو ئەم بابەتانەی کردبێ، وە یان تەنانەت پێمان وا نییە کە باسە ئایدیۆلۆژیکەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەوەندەی دەسکەوتی بناغەیی جێگیر



کردبێ کە بەم هاوڕێیانە، وە یان هەر هێزێکی کۆمۆنیستی تر ئیمکانی ئەوە بدا کە بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی حیزبی دەرکەن. بەڵام ئەوەی کە دەبێ چاوەڕوانی بین و دەبێ لە هەر بەڵگەیەکدا کە کۆمۆنیستەکان تێیدا ئامانجی خۆیان بە کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕادەگەیەنن، هەبێ، بریتییە لە <u>ڕۆحی گشتی بەشی لانی زۆری بەرنامە لە قاڵبی حوکم و دەستەواژەی سادە و ڕۆشندا</u>. لە ڕوانگەی ئەو ئوسووڵ و باوەڕ و ئامانجانەوە کە لە بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی کۆمۆنیستیدا دەکەونە بەشی لانی زۆری بەرنامەوە، "فیداییيانی خەڵک دەڵێن چی" ڕێک یانی ئەوە کە فیداییيانی خەڵک هیچ ناڵێن". ئەم هاوڕێیانە بێگومان خۆیان بە هێزێکی کۆمۆنیست دەزانن. بەڵام لەو جێگایەی کە ڕوو لە کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەکەن، بۆ ئەوەی پێیان بڵێن "دەڵێن چی؟" هیچ بانگەشەیەک لە مەڕ کۆمۆنیستبوونی خۆیانەوە ناهیننە گۆڕ. ئەوان نە باسی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتێری دەکەن، نە باسی ئەوە دەکەن کە بەشێکن لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و هەر بەم بۆنەوە بەشێکن لە یەکێک لە گوردانەکانی لەشکری جیهانیی پرۆلیتاریا، وە نە فەوتاندنی سەرمایەداری و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم بە ئامانجی خۆیان دادەنێن، نە خۆیان <u>لە پێشدا</u> بە نوێنەری قازانجی پرۆلیتاریا (وەک چینێک و تاقە چینێک) حیساب دەکەن، نە باسی پێویستبوونی حیزبی کۆمۆنیست و دەوری ئەو حیزبە لە ڕزگاریی چینی کرێکاردا دەکەن و نە ...

فیداییيانی خەڵک" کێن؟ بەیاننامەکە دەڵێ "فیداییيانی خەڵک" تێکۆشەرانی گیانبازی چەکداری دژی پاشایەتین. ئەوان "داکۆکی لە بەرژەوەندیی کرێکاران و جووتیاران و هەموو توێژەکانی گەل دەکەن، فیداییيانی خەڵک دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی ئیمپریالیزم و

سەرمایەداران و خاوەنزەوییەکانە، وە پارێزەری شێلگیری بەرژەوەند و قازانجی گەلە". بەڵام ئەم فیداییانەی خەڵک چ ڕەخنەیەکیان لە نیزام و بار و دۆخی ئێستا هەیە و بە ڕوونی خوازیاری دامەزرانی کام ئاڵتەرناتیڤی کۆمەڵایەتین؟ بەیاننامەکە لە وەڵامدا دەڵێ: "ئەمڕۆ کۆمەڵی ئێمە گرفتاری ئاڵۆزی و قەیرانێکی قووڵە، ئابووری بە تەواوی لەبەریەک چووە، بار و دۆخی ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش یەکجار دژوار و تاقەتپڕووکێنە. هەژاری و ماڵوێرانی، گرانی و بێکاری، شەڕ و دەربەدەری، نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، ئەو گیروگرفتانەی کە لە شەڕەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەزاران مەینەت و گوشاری دیکە، زیاتر لە جاران ژیانیان لە ملیۆن ملیۆن زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان تاڵ کردووە". بەیاننامەکە ڕوو دەکاتە جەماوەر و دەڵێ: ئێوە لە بیرتانە و تاقیتان کردۆتەوە کە چلۆن ڕژێمی بەدناوی شا ئەو هەموو ڕۆژڕەشی و مەینەتەی بەسەر گەل هێنابوو، وە چلۆن وڵاتی ئێمە بە تەواوی نابووە ژێرچنگی ئیمپریالیستەکانەوە و سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی گەلی پێشێل کردبوو. هەروەها ئێوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردوودا لێنەهاتوویی تاقمی دەسەڵاتداری ئێستاتان تاقی کردۆتەوە و بەکردەوە دیوتانە کە ئەوانیش ناتوانن هیچ دەردێکی ئێوە دەرمان بکەن و وەڵامی داخوازییە ڕەواکانتان بدەنەوە. ئێوە تا ئێستا حوکوومەتی سەرمایەدارانی وابەستە و خاوەن ملکە گەورەکانتان تاقی کردۆتەوە و دیوتانە کە چلۆن خوێنتان دەمژن. وە سەرەنجام چ کەردەن." فیداییانی خەڵک دەڵێن: "بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان و دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان دەبێ وابەستەیی بە ئیمپریالیزم، بە هەر چەشنێک بێ



لەناوبچێ و نیزامی سەرمایەداریی وابەستە کە بناغەی ئەم وابەستەبوونەیە بڕووخێ".

مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە. هاوڕێیان چ بەو بەیاننامەیە بڵێن بەرنامە و چ ناوێکی تری لێ بنێن ئامانج و ئاڵتەرناتیڤی خۆیان لەم بەڵگەیەدا خستووەتە بەرچاوی جەماوەر. مەبەستی ئەوان بریتییە لە "ڕزگارکردنی نیشتمان و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان" و ئاڵتەرناتیڤەکەشیان جگە لە خاشەبڕکردنی وابەستەبوون بە ئیمپریالیزم و هەر <u>بەم پێیەش</u> فەوتاندنی "نیزامی سەرمایەداریی <u>وابەستە</u>، کە بناغەی ئەم وابەستەبوونەیە"، هیچی تر نییە. (جەخت هی ئێمەیە). دوژمنایەتیکردنی "فیداییانی خەڵک" لەگەڵ ڕژێمی بەکرێگیراوی شا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش لە بنەڕەتەوە هەر لەبەر ئەوەیە (بەپێی بەیاننامەکە) کە یەکەمیان (واتە ڕژێمی شا) سەرچاوە و هۆی ئەم وابەستەییە بووە و دووەمیان (واتە، کۆماری ئیسلامی) نیشانی داوە کە "ناتوانێ" کۆتایی بەم وابەستەییە بێنێ. وە ئەمە بە تەواوی ئەو هەڵوێستەیە کە ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابووردوودا هەوڵمان داوە لە نووسراوەی جۆراوجۆردا وەک هەڵوێستی پۆپۆلیستی لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، بیدەینە بەر ڕەخنە. هاوڕێیان دەتوانن بۆ ئەوەی ڕەخنەیەکی بەرین لەم بۆچوونە لاڕێیە بگرن، نووسراوە تیۆرییەکانی ئێمە، وە یان هەر کام لە ژمارەکانی "بسوی سۆسیالیسم" بخوێننەوە. سەرخەتی گشتی ڕەخنەی ئێمە ئەوەیە.

1) "فیداییانی خەڵک" نەک لە سەرمایەداریی ئێران، بەڵکوو لە وابەستەبوونی ئەو سەرمایەدارییە ناڕازین. بەیاننامەکەش بۆیە لەگەڵ سەرمایەداریی وابەستە دوژمنایەتی دەکا کە ئەم نیزامە "بنەمای ئەم وابەستەبوونەیە". ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی بۆرژوا_

ناسیۆنالیستییە کە بە شێوەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای ڕەخنەی کاوتسکیستی لە ئیمپریالیزم، دامەزراوە. یانی ڕەنج و مەینەتی جەماوەر، وە هەژاری و ماڵوێرانی و بێمافی ئەوان لە نیزامی سەرمایەدارییەوە سەرچاوەی نەگرتووە و بەرهەمی ئەم نیزامە چەوسێنەرە چینایەتییە نییە، بەڵکوو لە "وابەستەبوونی" ئەم نیزامە بە ئیمپریالیزمەوە، سەرچاوەی گرتووە. ئەو بۆچوونە کە تاوانی هەموو مەینەت و مەرارەتی ئەم نیزامە دەخاتە ئەستۆی "ئیمپریالیزم" و دەڵێ دەکرێ هەم سەرمایەداری بپارێزرێ و هەم ئەم "وابەستەبوون بە ئیمپریالیزم"ە هەڵوەشێتەوە، هەر جیاکردنەوەی ئیمپریالیزم لە سەرمایەدارییە، وە بەو مانایە کە ئیمپریالیزم وەک تایبەتییەکی غەیرە زاتی ئەم نیزامە بناسێنرێ. (ئەگەر هاوڕێیان ئەمەیان لە دڵ گران بێ و بڵێن: "ئێمە کەی وتوومانە سەرمایەداری دەبێ بپارێزرێ؟" ئێمە لە وەڵامدا بە ڕوونی دەڵێین: "ئەی لە کام شوێنی بەیاننامەکەدا وتووتانە کە سەرمایەداری دەبێ بفەوتێنرێ و سۆسیالیزمی لە جێ دابندرێ؟ ئێوە بە ئاشکرا قامکتان ناوەتە سەر فەوتاندن و نەهێشتنی "وابەستەبوون". ئەم بۆچوونە کاوتسکیزمی ڕووتە. هاوڕێیان ئەرکی سەرشانیانە کە بە جەماوەر بڵێن چ نیزامێک جێی سەرمایەداریی وابەستە دەگرێتەوە. وە بۆ کەسێک کە بەهیچ شێوەیەک باسی سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریای بەسەر زاردا نەهاتووە، لێرەدا پۆپۆلیزم ڕێگای لێ بەربەست دەبێ.

2) ئامانجی "فیداییانی خەڵک" بەپێی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بریتییە لە "ڕزگاریی نیشتمان و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان". لێرەدا هەڵوێستی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستی بەیاننامەکە بە شێوەیەکی ڕوونتر خۆی بەرچاو دەخا. ڕزگاریی نیشتمان لەدەست چی و فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە لە کام



پەیوەندیدا؟ ڕزگارکردنی نیشتمان لە چنگ ئەو قەیران و مەینەتەی کە لە وابەستەبوونەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر ئەمە و هیچی تر. ئەمە تەنیا دەتوانێ هەڵوێستی ناسیۆنالیستیکی خۆشخەیاڵ بێ، کە بناغە و بنەمای جیهانیی سەرمایەداریی سەردەمی ئیمپریالیزمی نەناسیوە. "فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودە بۆ زەحمەتکێشان" لە نیزامێکی بێ پێناس و نەناسراوی "غەیرە وابەستە"دا تەنیا مەوعیزەیەکی ڕیفۆرمیستی بۆ بۆرژواییییە، ئەویش بۆ بۆرژواییییەک کە ئەمڕۆ خۆیشی لەوە دەترسێ نیزامی بەرهەمهێنانەکەی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی (یانی سەرمایەداری) ناو لێ بەرێ. تا ئێرە "بەیاننامە" هەر ئەو ڕێگاچارەیەی ناوەتە بەرپێی جەماوەرەوە کە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی کۆماری ئیسلامی تەبلیغی بۆ دەکەن. واتە ڕزگارکردنی نیشتمان لە چنگ وابەستەبوون. ئەم ڕیفۆرمیزمە کاتێک زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە دەبینین فیداییانی خەڵک ڕەخنەی ئەوە لە کۆماری ئیسلامی دەگرن کە نەیتوانیوە (نەک ئەوە کە بەپێی جەوهەری چینایەتی خۆی نەیویستووە) هیچ دەردێکی زەحمەتکێشان چارەسەر بکا. کاتێک ئاسۆی ڕوونی ئامانجی دوارۆژ سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەدی نەکرێ، بە ناچاری ئەو داخوازییانە کە دەبنە هۆی باشبوونی وەزعی ژیانی زەحمەتکێشان، دەبنە هەندێک داخوازی لە چوارچێوەی نیزامی ئێستادا، ئەمە یانی ڕیفۆرمیزم. بێدەنگبوونی بەیاننامەکە لە بابەت ئەوەوە کە پێویستە حکوومەتی شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان جێگای ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە، زیاتر لە جاران قورسایی ڕیفۆرمیزمی خستووەتە سەرشانی "فیداییانی خەڵک". بەیاننامەکە لە شوێنێک باسی "حکوومەتێکی شۆڕشگێڕ کە پارێزەری بەرژەوەندیی کرێکاران و

زەحمەتکێشانە" دەکا، بەڵام باسی پێکهاتی چینایەتی ئەم حوکوومەتە، باسی ڕێبەرایەتی پرۆلیتاریا لەم حوکوومەتەدا، وە باسی ئەوە کە پێویستە بە شێوەی زەبروزەنگ ئەو حوکوومەتە دیاریکراوە جێگای حوکوومەتی ئێستا بگرێتەوە ناکا و هەر لە بنەڕەتەوە حوکوومەتێکی شۆڕشگێڕ (جا بە هەر ناوێکەوە بێ، کۆماری دیموکراتیکی خەڵک و ...) لە هیچ شوێنێکی بەیاننامەکەدا داوا ناکرێ، بەیاننامەکە باسی سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەک ئامانجی دوارۆژ، وە تەنانەت باسی کۆمارێکی شۆڕشگێڕ وەک بەرزترین شێوازی بەدیهاتنی داخوازییەکانی لانی کەمی ئێمە ناکا، هەر بۆیەش داخوازییە ڕیفاهی و ئابووری و سیاسییەکانی ئەم بەیاننامەیە دەبن بە بەیت و باڵۆرە و مەوعیزەخوانییەک بۆ ڕیفۆرم و چاککردنەوەی سەرمایەداری ئێران.

بەڵام "فیداییانی خەڵک" بۆ بەدیهاتنی هەر ئەم ئاڵوگۆڕانەش (لە نیزامی ئێستادا)، جەماوەر بۆ کۆبوونەوە لەدەوری کام ڕێکخراو، وە لەژێر کام ڕابەریدا بانگەواز دەکەن؟ لایەنی پۆپۆلیستیی "بەیاننامە"، لایەنێک کە ئامانجی سەربەخۆی پرۆلیتاریا و خەباتی تایبەتی ئەو چینە لەبیر دەباتەوە، لێرەدا خەسڵەتی سیکتاریستی بەیاننامەکە بە تەواوی دەخاتە بەرچاو. ئەو خەباتەی کە هاوڕێیان دەینێنە بەرپێی جەماوەر بە گشتی، دیارە هەر وەک خۆیان دەڵێن خەباتێکی دیموکراتیک دژی ئیمپریالیستییە. خەبات لە پێناو ئەو مافانەدایە کە هاوڕێیان بۆ وەدیهێنانیان "کرێکاران، جووتیاران، مامۆستایان، کاسبکاران و خاوەنپیشەکان، وردەکارمەندانی کارگێڕی، خوێندکاران و قوتابیانی تێکۆشەر، سەربازان و ئەفرادی شۆڕشگێڕی سوپا"، بەبێ لێکجیاکردنەوە و جیاوازی، بانگەواز دەکەن کە لەدەوری ئاڵاکەیان کۆببنەوە. تا ئێستا ئێمە پێمان وابوو کە بە بڕوای



کۆمۆنیستەکان، پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ کە لە پێناوی سۆسیالیزمدا خەبات دەکا (و حیزبی کۆمۆنیست ئەرکانی جەنگاوەریتی) شێلگیرترین پارێزەری مافی دیموکراتیکی جەماوەرە، بەڵام ئێستا دەردەکەوێ کە "فیداییانی خەڵک تاقە هێزێکن کە شێلگیرانە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵانی زەحمەتکێش (ی ناوبراو) دیفاع دەکەن"!

لێرەدا دەڵێی ئێران لە هەموو یاسا ماددییەکانی کۆمەڵ جیایە! لێرە، ئەوە چینەکان نین کە خەبات دەکەن و یەکێک لەو چینانە (پرۆلیتاریا) نییە کە شێلگیرترین پارێزەر و خەباتکاری ڕێبازی ڕزگاری و ئازادیی هەموو چەوساوەکان و زۆرلێکراوانە، نەخێر، لێرە شەڕ هەر وا لە نێوان ڕژێمەکان و چەند تاقمێکی شۆڕشگێڕدایە کە هەموو گەل بە چاوێک دەبینن، وە لە بەرژەوەندی گەل دیفاع دەکەن و دەبنە فیدایی ئەو ڕێبازە، بەبێ ئەوەی باسی ئەوە بکەن خۆیان سەر بە کام یەک لەو چینانەن. ئەگەر هاوڕێیان بانگەشەی ئەوەیان کردبا کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار دەکەن، ئەوە ئەگەر ڕایان گەیاندبا کە "فیداییانی خەڵک" تاقە نوێنەری مارکسیزمی شۆڕشگێڕن لە کۆمەڵدا، وە باقی ڕێکخراوە و سازمانە کۆمۆنیستییەکان هەواریان چۆڵ دەکرد و هەموو کەوتوونەتە داوی ئۆپۆرتیۆنیزم و ڕیڤیژینیزمەوە، ڕەنگە بیانوویەک دەستکەوتبا بۆ ئەوەی سازمانی خۆ وەک تاقە پارێزەری شێلگیری بەرژەوەندیی شۆڕشگێڕترین چین، وە هەر بەم بۆنەیەوە، وەک شێلگیرترین پارێزەری ماف و بەرژەوەندیی بناغەیی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بناسین. بەڵام لێرەدا قسە لەسەر بەرژەوەندی ئەو توێژانەیە کە هەندێکیان دڵیان بۆ خاوەنداریێتیی تایبەتی لێ دەدا (کاسبکاران و خاوەنپیشەکان و بەشێک لە وەرزێران)، وە هەندێکیشیان بیریان بە لای کۆمۆنیزم و نەهێشتنی هەر چەشنە

خاوەندارێتی تایبەتییەوەیە. ئایا بە ڕاستی "فیدایییانی خەڵک" بەتەنیایی و شێلگیرانە لە هەموو ئەم بەرژەوەندییە جۆراوجۆرانە بەبێ شەرت و مەرجدانان بۆ ئەوە کە لە یەکێکیان بەولاوەتر دەچن دیفاع دەکەن؟ هاوڕێیان لە نوێنەرایەتی تاقانەی بەرژەوەندیی گشتی گەلیش واوەتر دەچن و پاش بەیانی داخوازییەکانی خۆیان (کە ئەوپەڕەکەی هەندێک گۆشەی بەرنامەیەکی لانی کەمی کۆمۆنیستی دەگرێتە بەر) ڕادەگەیەنن کە: "ئەمەیە کورتەیەک لەوە کە فیدایییانی خەڵک دەیڵێن وە بەم بۆنەیەوە سەرمایەداران و دەوڵەتانی پارێزەری سەرمایەداری دوژمنایەتییان لەگەڵ دەکەن". ئایا تەنیا "فیدایییانی خەڵک" ئەم جۆرە داخوازییانەیان هێناوەتە گۆڕ؟ وە لەمەش گرنگتر ئایا سەرمایەداران و دەوڵەتانی پارێزەری سەرمایەداری، تەنیا هەر لەبەر ئەم داخوازییانە دوژمنایەتی "فیدایییانی خەڵک" دەکەن؟ ئایا ئەمە لەبەر ترس و نیگەرانی بۆرژوازی لە پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزم نییە و لە دوژمنایەتی سەرمایەداران لەگەڵ پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکانەوە سەرچاوە ناگرێ؟! ئایا پێش ئەوەی "فیدایییانی خەڵک" باسی ئەمانە بکەن، شۆڕشە پرۆلیتێری و دیموکراتیکەکان بەڕێبەرایەتی کۆمۆنیستەکان، دوژمنانی ڕاستەقینەی سەرمایەدارییان وەها بە سەرمایەداران نەناساندبوو کە هەر کۆمۆنیستێک و "تارمایی کۆمۆنیستیش" وەک مەرگ بیان تەزێنێ؟! ئایا زیاتر لە سەدەیەک، پێش ئەوەی فیدایییانی خەڵک سەرهەڵدەن، بۆرژوازی و ئیمپریالیزم ترس و نیگەرانی خۆیان لە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان دەرنەبڕیبوو، وە ڕایان نەگەیاندبوو کە دوژمنیانن؟! ئایا ئەوەی "فیدایییانی خەڵک" دەیڵێن، مانیفێستی کۆمۆنیست، ئۆکتۆبەر و بۆلشەڤیزم، شۆڕشی چین و ڤێتنام ...ی لەبیر بۆرژوازی بردۆتەوە؟



هاوڕێیان! بۆچی ڕاستییەکان بە جەماوەر نەڵێین؟ بۆچی هۆی ترس و نیگەرانی ڕاستەقینەی بۆرژوازی لە پرۆلیتاریا و لە ئایدیۆلۆژی و بزووتنەوە کۆمۆنیستییە پڕ لە شانازییەکەی، بۆ جەماوەر شی نەکەینەوە؟ ئایا فیدایییانی خەڵک دوارۆژ و چارەنووسێکی جیا لە چارەنووسی گشت پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی کۆمۆنیستییان دەوێ؟ سێکتاریزم یانی ئەوە کە ڕەوتێک بەرژەوەندی سازمانی خۆی بە بانتر لە بەرژەوەندیی گشت بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دابنێ، وە ئەوە کە ڕەوتێک سیمای سازمانی خۆی بە بانتر لە سیمای پرۆلیتێری و کۆمۆنیستی بزانێ، ئیتر نزمترین پلەی سێکتاریزمە. پۆپۆلیزم و ڕیفۆرمیزمی "بەیاننامە" و ئەوە کە بەهیچ چەشنێک باسی سۆسیالیزم و حیزبی کۆمۆنیستی نەکردووە، بووەتە هۆی ئەوەی هاوڕێیان باسی ئەوە نەکەن کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ کە بۆ سۆسیالیزم خەبات دەکا، شێلگیرترین پارێزەر و لایەنگری مافی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە بەرانبەر بە سەرمایە و ئیمپریالیزم. "فیدایییانی خەڵک" وە هەر هێزێکی تر هەتا ئەو جێگایە دەتوانن بانگەشەی شێلگیربوون لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتیکدا بکەن کە خۆیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بە پێشەنگی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بزانن و ئەم ناوەش لە خۆیان بنێن. بەڵام "فیدایییانی خەڵک"، خوازیاری ئەوە نین کە پرۆلیتاریا ڕابەری شۆڕش بێ، بەڵکوو دەیانەوێ ڕێکخراوەکەی خۆیان ڕابەر بێ. "فیدایییانی خەڵک" هەر بەم بەیاننامەیە، نیشان دەدەن کە نازانن بۆ "شێلگیربوون" لە پاراستنی بەرژەوەندی جەماوەردا، چ شتێک پێویستە؟ چونکە بەلەبیربردنەوەی سۆسیالیزم وەک دوایین ئامانج و حیزبی کۆمۆنیست وەک پێشمەرجی ڕێکخراوەیی و بە دارشتنی

داخوازەکانی خۆیان لە قاڵبێکی ڕیفۆرمیستیدا و بە هێنانەگۆڕی ئاڵتەرناتیڤێکی بۆرژوا_ ناسیۆنالیستی و سەرئەنجام بە تەبلیغی سیکتاریستی، لە ڕاستیدا ناشێلگیری خۆیان لە پاراستنی بەرژەوەندیی گرنگترین بەشی گەل، یانی پرۆلیتاریادا نیشان دەدەن. کەوایە دەبینین کە چۆن "بەیاننامە" دەچێتە سەر باسی هەندێک بابەتی وەک بابەتەکانی بەشی لانی زۆری بەرنامەیەکی م. ل. وە لە هەموو شوێنێکیش لێی دوور دەکەوێتەوە و لێی لا دەدا.

بەڵام ڕەنگە لێرەدا باسی ئەوە بکرێ کە ئەو "بەیاننامە"یە پوختە و گۆشەیەک لە داخوازییەکانی بەشی لانی کەمی هاوڕێیانە و ئەوان لەم بەیاننامەیەدا، نەک دوائامانجی خۆیان، بەڵکوو ئامانجەکانی خۆیان لە قوناغی شۆڕشی دیموکراتیکدا شی کردووەتەوە. ئەگەر واش بێ نەک هەر ڕەخنەی ئێمە لەو "بیاننامە"یە بەهیچ بارێکدا ناگۆڕێ، بەڵکوو ئەمە ڕێگامان بۆ دەکاتەوە کە ئەو ڕەخنەیە وردتر بکەینەوە.

یەکەم: خەوشی کاری هاوڕێیان لەوەدایە کە بە جیاکردنەوەی ئامانجی لانی زۆری سۆسیالیستیی پرۆلیتاریا لە ئامانجی دیموکراتیک و لانی کەمی ئەو، بە تەواوی کەوتوونەتە داوێنی ڕیفۆرمیزمەوە. دووەم: خودی ئەم داخوازییانە، تەنانەت لەو جێگایەش کە وەک "کورتەیەک" لە داخوازییەکانی بەشی لانی کەم چاویان لێ بکرێ، بە تەواوی گیرۆدەی لادانی پۆپۆلیزمن، وە دەرفەتی لەبار بۆ سیاسەتی ئۆپۆرتیۆنیستی پێک دێنن.

لە بابەت خاڵی یەکەمەوە دەبێ بڵێین، ئەوەی وا بە کۆمۆنیستەکان ئیمکان دەدا خەبات لەسەر بنچینەی داخوازییەکانی لانی کەمی خۆیان ڕێک بخەن، بەبێ ئەوەی بکەونە داوی ڕیفۆرمیزمەوە_ جگە لە ڕاگەیاندن و باسلێکردنی دوائامانجی پرۆلیتاریا و شێوەی خەباتی



پرۆلیتاریا بۆ سۆسیالیزم (بەشی لانی زۆر)، وە ئەوە کە داخوازی لانی کەم تایبەتی قۆناغێکە، هیچی تر نییە. مانیفێستی کۆمۆنیست پێناسی هەمیشە زیندووی سیمای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیستەکانە لە هەر وڵاتێکدا، وە کۆمۆنیستەکان تەنیا کاتێک دەتوانن ڕابەری بزووتنەوە و شۆڕشی دیموکراتیک بەدەستەوە بگرن کە ئەم سیمایەی خۆیان، نەک تەنیا وە بە تایبەت بە کۆمەڵانی کرێکار بەڵکوو بە هەموو زەحمەتکێشان بناسێنن. بەرنامەی کۆمۆنیستەکان تەنیا کاتێک سیمای شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دەنوێنێ کە بە گشتی ڕاگەیەنرابێ. دیموکراتیزمی شێلگیری پرۆلیتێریش بەش بە حاڵی خۆی، بەوە بەستراوە کە لە ڕوانگەی پرۆلیتاریاوە بە ڕاشکاوی ڕاگەیەنێ، کە دیموکراسی و سۆسیالیزم چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتر هەیە، وە بە جەختکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە کە پرۆلیتاریا بۆ گەیشتن بە دوائامانجی خۆی (واتە سۆسیالیزم) پێویستی بە پێکهێنان و زەمانەتکردنی دیموکراتیکترین نیزامی سیاسی هەیە کە لە کۆمەڵدا دەست بدا، وە پێویستی بەوە هەیە کە بەپێی توانا زۆرترین ئیمتیازاتی ئابووری بە قازانجی پرۆلیتاریا و زەحمەتکێشان بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنێ، شێلگیربوونی خۆی لە شۆڕشێکی دیموکراتیکدا نیشان دەدا. بۆ پرۆلیتاریا، شۆڕشی دیموکراتیک پێکهێنەری ئەو هەلومەرجە هەرە گرنگ و حەیاتییە کە چینی کرێکار بۆ هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم پێویستی پێی هەیە. مارکس و ئەنگڵس و لێنین زۆر جار بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو ئەمەیان بەیان کردووە، وە ئێستا ئیتر کاتی ئەوە گەیشتووە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەست بە گرنگبوونی ئەم مەسەلەیە بکا. لەم ڕووەوە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ هەرگیز دوائامانجی خۆی ناشارێتەوە، بەرژەوەندیی سەربەخۆ و

سیمای ئایدیۆلۆژیک_ سیاسی_ ڕێکخراوەیی سەربەخۆی خۆی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی دیموکراتیکدا نابەستێتەوە و خەوشی تێ ناخا، وە بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ کە داخوازی لانی کەمی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ ئەو ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییانە بەیان دەکا کە توانای ئەوەی پێ دەبەخشێ، کە زۆربەی چەوساوەکان بۆ واوەترچوون لە دیموکراسی بۆرژوایی، بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ئامادە بکا. ئەگەر "فیدایییانی خەڵک" پێیان وا بێ کە لە هەر شوێنێک باسی داخوازی لانی کەم دەکەن بە هۆی دیموکراتیکبوونی شۆڕشی ئێرانەوە پێویستییان بە دووپاتکردنەوەی ناوەڕۆکی بەشی لانی زۆر نییە، وە یا ناتوانن دووپاتی بکەنەوە، بە بڕوای ئێمە لە لێکدانەوەی شۆڕشی دیموکراتیک و ناسینی ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لەم شۆڕشەدا، تووشی لادانێکی سەرەکی بوون. جیاکردنەوەی سیمای چینایەتی و دوائامانجی بزووتنەوەی پرۆلیتاری لە داخوازی بەشی لانی کەم و دیموکراتیکی ئەو بزووتنەوەیە، وە هێناگۆڕی ئەم داخوازییانە بە جیاواز، لەژێر ناوی ئەوەدا کە ئەم بەشەی بزووتنەوە "دەڵێ چی" دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیموکراتیزمی شێلگیری پرۆلیتاری جێگای خۆی بدا بە ڕیفۆرمیزم و دیموکراتیزمی ناشێلگیری وردەبۆرژوایی، وە ئەمە ڕێک هەر ئەو چاڵەیە کە "بەیاننامە"ی "فیدایییانی خەڵک دەڵێن چی" تێی کەوتووە.

بەڵام لە بابەت خاڵی دووەمەوە، یانی بۆ نیشاندانی پۆپۆلیزمی "بەیاننامە"، دەبێ لەم باسە گشتییە واوەتر بچین و یەکە یەکەی داخوازییەکان وەک داخوازی هێزێکی کۆمۆنیست بدەینە بەر لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە ڕەوتی گشتیی بەرنامەیەکی م. ل. لەبەرچاو دەگرین و دەچینە سەر باسی درووشم و داخوازییەکانی



"فیدایییانی خەڵک" بەپێی ئەوە کە دەکەونە کام بەشەوە، جیاواز لەوەی کە لە بەیاننامەکەدا چۆن ڕیز کراون.

بەرنامەیەکی لانی کەمی کۆمۆنیستی، هەر وەک لەمەوبەر و لە وتارەکانی تردا وتوومانە، وێنەیەکی ڕوون لە ناوەڕۆکی لەبارترین هەلومەرجی ئابووری و سیاسی بۆ هەڵخراندنی پرۆلیتاریا بەرەو دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم بەدەستەوە دەدا. بەدیهاتنی ئەم داخوازییانە لە کاملترین شێوەدا، لە دامەزرانی کۆماری دیموکرات_ شۆڕشگێڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان (کۆماری دیموکراتیکی خەڵک و ...)دا خۆی دەنوێنێ. بە وتەیەکی تر بەرنامەی لانی کەم لە هەمان کاتدا کە داخوازیی پرۆلیتاریا لە بۆرژوازی و هەر دەوڵەتێکی بۆرژوایی بە ڕوونترین شێوە بەیان دەکا. خۆی دەتوانێ وەک بەرنامەی هەڵسووڕان و بناغەی ئەو کۆمارە دیموکراتە چاوی لێ بکرێ کە سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیک لە کاملترین حاڵەتی خۆیدا دەبێتە هۆی دامەزرانی. لەم ڕووەوە بەرنامەی لانی کەم سەرەتا وێنەیەکی گشتی لە بناغەکانی ئەم کۆمارە بەرچاو دەخا و پاشان یەکە یەکەی ئەو داخوازییە لانی کەمانەی کە کۆماری شۆڕشگێڕ بە شێوەیەکی شێلگیر و هەمە لایەنەوە بەدییان دێنێ، دێنێتە گۆڕ. ئەم وێنە گشتییە، داخوازیی پرۆلیتاریا لە بابەت ئەم سێ خاڵەوە ڕوون دەکاتەوە. 1) دەسەڵاتی بەرزی وڵات و مەسەلەی حوکوومەتی خەڵک بەسەر خەڵکدا، 2) سوپای پیشەیی و سوپای جەماوەریی، 3) دانانی نیزامی دیموکراتیکی بەڕێوەبردنی وڵات لە جیاتی بیرۆکراسی بانسەری خەڵک. بەرنامەیەکی لانی کەم کە بیەوێ کاملترین شێوەی بەدیهاتنی خۆی بەیان بکا، بە ناچار دەبێ هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بەم سێ خاڵە ڕوون بکاتەوە. بەیاننامەی "فیدایییانی خەڵک دەڵێن چی" بە گشتی بێدەنگی لە مەسەلەی کۆماری

دیموکراتیک_ شۆڕشگێڕ دەکا. بەرزترین شکڵی بەدیهاتنی ناوەڕۆکی "بەیاننامە" چییە؟ ئەگەر جەماوەر هەموو بەیاننامەکە ئەمدیو و ئەودیو بکەن، تەنیا دەتوانن وێنەی "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ "بە ڕابەری" تاقە هێزی شێلگیری پارێزەری بەرژەوەندیی خەڵک"، یانی فیداییانی خەڵکی لێ ساغ کەنەوە، هەڵبەت ئەویش بە زەحمەت.
لەمەش بەولاوەتر ئەوەیە کە "فیداییانی خەڵک" لە بابەت ئەوەوە کە دەسەڵاتی بەرزی وڵات دەبێ لەدەست چ ئۆرگانێکدا بێ و جەماوەر چلۆن دەبێ دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆیاندا هەبێ، هیچ ناڵێن. بێدەنگمانەوە بەرانبەر بەم مەسەلەیە لە کاتێکدا کە نیزامی پەرلەمانی لەسەر کارە، بە مانای نەهێنانە گۆڕی ئاڵتەرناتیڤێکە لەبەرانبەر پارلەماندا و بە ناچار بەو مانایەیە کە "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" بە پشتئەستووری پارلەمان نەک بە پشتئەستووری شووڕای خەڵکی و کۆنگرەی سەرتاسەری ئەوان لەبەرچاو بگیرێ.
بە هەر حاڵ ئێستا جێگای شک و گومان و ڕەخنەگرتن لە شک و گومان نییە و ئێمە تەنیا لەسەر ئەوە جەخت دەکەینەوە کە کۆماری و بناغە بەرزەکانی ئەو کۆمارییە لە "بەیاننامە"دا بەهیچ شێوەیەک باسیان نەکراوە.
بەڵام "بەیاننامە" دەچێتە سەر باسی دوو بناغەی تر، واتە سوپا و بیرۆکراسی:
"فیداییانی خەڵک دەڵێن: ئەو سیستەمە ئیداری و سەربازییەی ئێستا هەیە دەبێ لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ و سیستەمێکی گەلی بەپێی نیاز و بەرژەوەندیی گەل پێک بێ، فیداییانی خەڵک بڕوایان بە چەکدارکردنی گشتیی گەل هەیە و دەڵێن تەنیا گەلی چەکدار لەگەڵ سەربازان و پلەداران و ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ دەتوانن بەرانبەر بە



هەر چەشنە دەستدرێژییەک سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی زەحمەتکێشان بپارێزن".
"بەیاننامە" بە گشتی سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو سیستەمە ئیدارییە گەلییە کە بەپێی نیاز و بەرژەوەندی گەل پێک دێ، قسە ناکا. ئەمە چ سیستەمێکە؟ ئایا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش باسی فریوکارانەی مەکتەب یان پسپۆری بە ڕواڵەت ڕێک هەر لەدەوری ئەو مەسەلەیە کە کام سیستەمی ئیداری لەگەڵ بەرژەوەندیی بێدەسەڵاتان دێتەوە وەڕێ ناخەن؟ لەبەر ئەوەی "فیداییانی خەڵک" لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم "سیستەم"ە (یانی لەجیاتی ئەوەی دەوری وشیاردەرانەی خۆیان بگێڕن) تەنیا بە شێوەیەکی نارۆشن پێویستبوونی ئەم "سیستەم"ەیان ڕاگەیاندووە، ئەو کەسانەی کە "بەیاننامە" ڕووی قسەیان تێ دەکا، لەمە زیاتر سەبارەت بەو سیستەمە کە دەبێ لە ڕەوتی خەباتدا، لە خۆپێشاندان و مانگرتن و... دا داوای بکەن، هیچیان لێ ڕوون نابێتەوە، بەڵام ئەم "سیستەمە" بە ڕۆشنی لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە دیاری کراوە. کۆمۆنیستەکان خوازیاری ڕووخاندنی دامودەزگای بیرۆکراتیکی بانسەری خەڵکن، وە دەیانەوێ هەموو کاربەدەستان هەڵبژاردە بن و هەر کات زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەنگیان داوە بۆ هەڵبژاردن، ویستیان نوێنەرەکانیان بگۆڕن بتوانن بیانگۆڕن، وە هەقدەستی هیچ کاربەدەستێک لە هەقدەستی کرێکارێکی کارامە زیاتر نەبێ. ئەمە بنچینەی ئەو سیستەمە ئیدارییەیە کە لەگەڵ پێویستی و بەرژەوەندی گەل دێتەوە. "فیداییانی خەڵک" دەبێ ڕێک هەر ئەمە بە ڕۆشنی بەیان بکەن و داوا لە کۆمەڵانی زەحمەتکێش بکەن کە لەدەوری کۆبنەوە، بەڵام "بەیاننامە" هەر لە بنەڕەتەوە باسی ئەم خاڵانە ناکا. لە بابەت "سیستەمی سەربازیی گەلی"یەوە هاوڕێیان ڕەنگە لەژێر

زەخت و زۆری تەبلیغاتی ڕژێمی دژ بە شۆڕشدا، وە بە لەبەرچاوگرتنی مەسەلەی شەڕ و هەوڵی ڕژێم بۆ پەرەپێدانی شۆڤێنیزم لەنێو جەماوەردا، داخوازیی بنەڕەتی هەڵوەشانەوەی سوپای پیشەییان پەردەپۆش کردبێ. ئێمەی کۆمۆنیست دەبێ خوازیاری ئەوە بین کە سوپای پیشەیی هەڵوەشێتەوە و لەجیاتی ئەو، خەڵک بە گشتی چەکدار بکرێ (میلیشیای جەماوەری پێک بێ) و هەموو فەرماندە و فێرکارە سەربازییەکان هەڵبژاردە بن. "بەیاننامە" بە هێنانەگۆڕی باسی "پێرسونالی شۆڕشگێڕ"، یانی ئەو بەشە لە سوپای پیشەیی ئێستا، کە لە داهاتوودا دەکەوێتە پاڵ شۆڕش و حوکوومەتی شۆڕشگێڕ، بەکردەوە بە داخوازییەکی لاوەکی لە پاڵ ئەو سوپا پیشەیییە کە بە شۆڕشەوە پەیوەست دەبێ. هێنانەخوارەوەی داخوازیی پرۆلیتاریا بەم چەشنە، ڕێگای بۆ ئەو ڕژێمە دژ بە شۆڕشەی وا بە ناوی شۆڕشەوە قسە دەکا کردووەتەوە وە هەمیشە بۆ ڕژێمی لەم چەشنە ڕێگا دەکاتەوە کە دامودەزگای سوپای پیشەیی بە "شۆڕشگێڕ" لەقەڵەم بدا و ئاوی تۆبەی بەسەردا بکات و بەم چەشنە ئەو داخوازییە بنەڕەتییەی پرۆلیتاریا بخاتە پشت گوێ و خۆی بیبرێ و بیدوورێ و سەروبەری وێک بێنێ. ئەزموونی سوپای پاسداران و سوپای بیست ملیۆنی(!) نموونەیەکی ترە کە نیشانی دەدا ڕژێمی لەم چەشنە توانای تێکدان و گۆڕینی ئەو فۆرمۆلبەندییانەیان هەیە، بۆ ئەوەی مل بە داخوازی ڕوون و بێ ئەملا و ئەولای پرۆلیتاریا نەدەن.

خاڵێکی تر هەر لەم بابەتەوە ئەوەیە کە بەیاننامەکە کاتێک باسی فەلسەفەی وجوود و هۆی پێویستی چەکداربوونی گشتی دەکا، تەنیا لەسەر لایەنێکی مەسەلەکە یانی لەسەر پێویستی "پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی زەحمەتکێشان" جەخت دەکا. ئەمە بێگومان



گۆشەیەکی مەسەلەکەیە، ڕەنگە کۆماری شۆڕشگێڕ لە لایەن بۆرژوازیی جیهانی و سوپای دەوڵەتە بۆرژوازییەکانی ترەوە بکەوێتە بەر هێرش. بەڵام هۆی پێویستبوونی سوپای جەماوەریی هەر لەوەدا خوڵاسە نابێتەوە و تەنانەت ئەمە بەشی گرنگی مەسەلەکەش نییە. چەکدارکردنی گشتی خەڵک پێش هەموو شتێک بە مانای چەککردنی بۆرژوازیی ناوخۆ لە باری سەربازییەوە، وە سەرکوتکردنی هەر چەشنە بەرگرییەکی ئەوە. پاراستنی شۆڕش و کۆماریی لە بەرانبەر دوژمنانی شۆڕش و پیلانەکانیاندا، هۆی سەرەکییە لە گرنگبوونی چەکدارکردنی گشتی جەماوەردا. "بەیاننامە" بەبێدەنگەکردن لە مەسەلەی ڕووخاندن و مەسەلەی کۆماری، کاتێک داخوازیی سەبارەت بە سوپا دێنێتە گۆڕ، بە تەواوی خەباتی چینایەتی لە ناوخۆی وڵاتدا لەبیر دەباتەوە و خەسڵەتی چینایەتی ڕۆشنی شۆڕش و ئامانجەکانی لێڵ دەکا و خەوشی تێ دەخا. ئەو داخوازییە کە خەڵکی چەکدار و پێرسۆناڵی شۆڕشگێڕ داکۆکی لە نیشتمانی زەحمەتکێشان بکەن، لە کاتێکدا کە هەر باسی شۆڕش و خەباتی چینایەتی ناکرێ، بووە بە داخوازییەکی سەرەتایی ڕێفۆرمیستی.

بەرنامەیەکی لانی کەمی م. ل. پاش دەربڕینی هەڵوێست و ویستی خۆی سەبارەت بەم بناغە سەرەکییانەی دەسەڵاتدارێتی، بەشبەبەشی داخوازییەکانی خۆی لە زەمینەی جۆراوجۆری مافە سیاسییەکانی تاک و توێژی کۆمەڵدا دێنێتە گۆڕ و بەم چەشنە وێنەی گشتیی ڕژێمی سیاسیی دیموکراتیکی دڵخوازی پرۆلیتاریا، کە لەسەرەوە باس کرا، کامڵ دەکا. داخوازییەکانی پرۆلیتاریا سەبارەت بە ئازادیی حیزبەکان، بیروباوەڕ و ڕاگەیاندن، ئایین، یەکسانی مافی ژن و پیاو، مەسەلەی میللی، نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەم جۆرە شتانە، هەر کام

شەرت و مەرجی پرۆلیتاریا لە مەیدانی جۆراوجۆردا دیاری دەکەن.
دیسانەوە ئەوە بەبیر دێنینەوە کە بەپێی بەرنامەی لانی کەمی کۆمۆنیستی، ئەم داخوازییانە تەنیا لە کۆماری دیموکراتیک_شۆڕشگێڕدا بە ڕابەریی چینی کرێکار بە شێوەیەکی هەمە لایەنە وەدی دێن، بەڵام ئەم داخوازییانە لە هەر قۆناغێکدا کە نیزامێکی سەرمایەداری و دەوڵەتی بۆرژوایی وجوودی هەبێ و مابێتەوە، دەتوانن و دەبێ لە لایەن پرۆلیتاریاوە بێنە گۆڕ و خەباتی جەماوەری لەدەوری ئەو داخوازییانە ڕێک بخرێ و سازمان بدرێ.
بەیاننامەی "فیداییانی خەڵک ..." چەند داخوازیی سیاسی لەم چەشنەی هێناوەتە گۆڕ. بۆچوون و تێگەیشتنێکی لادانی لە بەشی هەرە زۆری ئەم داخوازییانەدا بەرچاو دەکەوێ و ئەویش هەڵوێستی بەرچاوتەسکانە و غەیرە لێنینییە بەرانبەر بە دیموکراسیی بۆرژوایی و دەوری ئەم دیموکراسییە لە خەباتی پرۆلیتاریای سۆسیالیستدا. ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەهێڵینەوە بۆ باسێکی گشتیتر لە کۆتایی ئەم وتارەدا لەسەر پەیوەندی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم و هەڵوێستی "بەیاننامە" بەرانبەر بەم مەسەلەیە، وە لێرەدا بەکورتی باسی هەندێک شکڵی تایبەتیتری فۆرمولبەندیی دوو خاڵی گرنگی داخوازییە سیاسییەکانی "بەیاننامە" دەکەین.
خاڵی یەکەم: داخوازی سەبارەت بە ئازادیی ئایین.
"فیداییانی خەڵک بڕوایان بە ئازادیی بیروباوەڕ و ئایین و ئازادیی ڕێورەسمی ئایینیی خەڵک هەیە. نەک هەر موسوڵمانان بە شیعە و سوننییەوە کە زۆربەی هەرەزۆری هاونیشتمانانی ئێمەیان پێک هێناوە، دەبێ لە بیروباوەڕی ئایینی و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ئایینیی خۆیاندا ئازاد بن، بەڵکوو هەموو کەمایەتییە ئایینییەکانیش دەبێ ئەم مافەیان هەبێ".



بەر لە هەموو شتێک، دەبێ خۆشحاڵ بین لەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێمە ئەمڕۆ پاش دوو ساڵ ملهوڕیی بۆرژوایی بە ناوی ئایینەوە، بە ڕادەیەکی بەرینتر سەرەنجام ڕووی کردووەتە تەبلیغی پێویستبوونی ئازادیی ئایین. بەڵام ئەو داخوازییەی لە "بەیاننامە"دا باسی کراوە، بەهیچ شێوەیەک بنچینە و ناوەڕۆکی هەڵوێستی پرۆلیتاریایی بەرانبەر بە ئایین، بە شێوەیەک کە پێویستە لە بەرنامەی لانی کەمی کۆمۆنیستەکاندا هەبێ، بەیان ناکا. "فیداییانی خەڵک" نەک لە ڕوانگەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە، بەڵکوو تەنیا لە ڕوانگەی پەیڕەوانی خاوەنئیمانی کەمایەتییە ئایینییەکانەوە، باسی ئازادیی ئایین دەکەن. بە بڕوای "فیداییانی خەڵک" ئازادیی ئایین تەنیا بە مانای ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی و مافی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ئایینییە. پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، خوازیاری ئازادیی کاملی ئایین، وە بەمپێیە خوازیاری ئازادیی بێبڕوابوون بەرانبەر بە هەر چەشنە ئایینێکە و داوای ئەوە دەکا کە هیچ چەشنە هەڵاواردنێک بەپێی ئایین، وە یان بەپێی ئەوە کە کەسێک بڕوای بە ئایین هەبێ یان نەی بێ، نەمێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم داردەستە مێژووییە کە بۆ پێکهێنانی تەفرەقە و دووبەرەکایەتی لە ڕیزەکانی چینی کرێکاردا کەڵکی لێ وەرگیراوە، لەدەست بۆرژوازی دەربێنێ.
لەم ڕووەوە کۆمۆنیستەکان نەک هەر خوازیاری ئازادیی ئایینن، بەڵکە خوزیاری جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت و لە فێرکردن و بارهێنانی دەوڵەتین. ئازادیی ڕاستەقینەی ئایین و بێئایینی، تەنیا کاتێک دەست دەدا، کە هیچ ئایینێکی دیاریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە لە باری ماڵی و تەبلیغاتییەوە پشتیوانی لێ نەکرێ، هیچ ئایینێک وەک ئایینیی فەرمی ڕانەگەیەندرێ و هیچ ئیمتییازێک لە باری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەوە بە پەیڕەوانی هیچ ئایینێکی

دیاریکراو نەدرێ. داخوازییەکانی ئێمە دەبێ ڕێک ئەم لایەنە عەمەلی و واقیعییەی ئازادیی ئایین بەیان بکەن. ویستی دیموکراتیکی ئێمە لە زەمینەی ئازادیی ئاییندا ئەوەیە کە ئایین لە دەوڵەت و فێرکردن و بارهێنان و تەبلیغاتی فەرمی جیا بێ. ئەو خاڵە کە کۆمۆنیستەکان خوازیاری ئازادیی پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکان بۆ کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و جێبەجێکردنی کاروباری ئایینی خۆیان بە خەرجی خۆیانن، تەنیا دەتوانێ وەک لایەنی دووەم بۆ کامڵبوونی حوکمی یەکەم (واتە جیایی ئایین لە دەوڵەت) بەیان بکرێ و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ و نابێ جێگای ئەو بگرێتەوە. ئەم لایەنە دووەمەش هەر لەبەر ئەوە باسی دەکرێ و جەختی لەسەر دەکرێ کە یەکەم: پیلانەکانی بۆرژوازی بۆ تەفرەقە و دووبەرەکایەتیخستن پوچەڵ بکرێنەوە و دووەم: جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ نەک بە شێوەی توندوتیژ و لەسەرەوە وە بە کەڵکوەرگرتن لە قانووندانان و دامودەزگای سەرکوت، بەڵکوو بە فێرکردن و پەرەپێدانی زانست بەربەرەکانی لەگەڵ خورافاتی ئایینی دەکا، وە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە بڕوای کۆمۆنیستەکان دەسهەڵگرتن لە ئایین بۆ هەر تاکێک دەبێ بە دڵخوازی خۆی بێ نەک بە زۆرەملێ. "بەیاننامە" لە فۆرمولبەندیی داخوازیی خۆیدا سەبارەت بە ئایین، بە ئاشکرا لەژێر گوشاری تەبلیغاتی ئایینی ڕژێمدا، لە داخوازییەکانی لانی کەمی پرۆلیتاریا پاشەکشەی کردووە و زۆریش پاشەکشەی کردووە.

خاڵێکی تری بەیاننامە، داخوازیی سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووسە:

"فیداییانی خەڵک" دەڵێن: گەلانی زۆرلێکراوی نیشتمانی ئێمە وەک گەلی کورد، تورک، تورکمان، بەلووچ و عەرەب کە جگە لە



ستەمەکانی تر ستەمی نەتەوایەتیشیان بەسەرەوەیە، دەبێ خۆیان دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسی خۆیاندا هەبێ. دەبێ ستەمی میللی هەڵگیرێ و مەودا بە گەلانی زۆرلێکراو بدرێ کە ئازادانە ئەوە دیاری بکەن کە دەیانەوێ چلۆن بژین. تا ئێستا ئەو دەوڵەتانەی دەسەڵاتیان بەسەر ئێراندا بووە پەرەیان بە دوژمنایەتی میللی داوە، فارسیان ناوەتە بەرانبەر کورد، تورکیان ناوەتە بەرانبەر تورکمان و بلووچیان ناوەتە بەرانبەر عەرەب، دەبێ ئەم دوژمنایەتییە میللییە بۆ هەمیشە لەناو بچێ".

دیسانیش بەیانی نارۆشن و قسەی ناوتوێکڵ، وە پاشەکشەکردن لە ویستی ڕوون و ڕاشکاوی پرۆلیتاری بۆ ئەوەی نەکا تەڵەی تەبلیغاتی "دژی جیاوازیخوازی" ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بتەقێتەوە و ئەمانە بە دەنووک پێوەی بدەن. گەلانی زۆرلێکراو ئیجازەیان پێ بدرێ کە خۆیان ئازادانە دیاری بکەن کە دەیانەوێ چلۆن بژین"، بەستە بەوەی "ژیان" چ مانایەکی هەبێ، تەنانەت حیزبی کۆماری ئیسلامیش ڕەنگە ئەم داخوازییە بسەلمێنێ. کۆمۆنیستەکان تەنیا بە داکۆکی ڕوون و ڕاشکاو لە داخوازییە دیموکراتیکەکانی جەماوەر، دەتوانن بچنە ناو دڵ و دەروونی ئەوانەوە و ببن بە ڕابەرانی بزووتنەوەی دیموکراتیک، وە لەم ڕووەوە بۆ ڕاکێشانی میللەتە زۆرلێکراوەکان بۆ ژێر ئاڵای دیموکراتیزمی شێلگیری خۆیان، بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنن کە لە "مافی میللەتانی زۆرلێکراو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ، هەتا ڕادەی جیایی کامڵ و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ" پشتیوانی دەکەن. "فیداییانی خەڵک" کە ناوێرن لەبەرانبەر تەبلیغاتی شۆڤێنیستی ڕژێمدا ڕاوەستن، لە ڕاگەیاندنی ڕاشکاوی هەڵوێستی پرۆلیتاری بەرانبەر بە مەسەلەی میللی، کە ئێمەی کۆمۆنیست گەلێک زانیاری ڕۆشنمان لێی هەیە، خۆ دەدزنەوە.

بەڵام هەر ئەم ڕاڕاییيە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دیسانەوە لایەنی تری مەسەلەکە، یانی یەکێتیخوازیی پرۆلیتاریاش بێدەنگەی لێ بکرێ. "فیداییيانی خەڵک" کە هەر باسی مافی جیایی کامڵی میللەتانی ژێردەستیان نەکردووە، بە ناچار، ناتوانن و هیچ پێویستییەکیشیان بەوە نییە کە داخوازیی پرۆلیتاریای ئێران لە میللەتە زۆرلێکراوەکانی وڵات بێننە گۆڕ و باسی ئەوە بکەن کە پرۆلیتاریای ئێران خوازیاری جیانەبوونەوە و یەکێتی دڵخوازانەی میللەتە جۆراوجۆرەکانی وڵاتە. تەنیا ئەو کۆمۆنیستەی کە بە ڕاشکاوی مافی جیایی کامڵی میللەتانی زۆرلێکراو بە فەرمی دەناسێ و دیفاعی لێ دەکا، دەتوانێ هەر بەم ڕاشکاوییە و بە ناوی بەرژەوەندیی زەحمەتکێشانی گشت وڵاتەوە، لە کۆمەڵانی بەرینی کرێکار و زەحمەتکێشی میللەتی زۆرلێکراو داوا بکا، کە دڵخوازانە یەکێتی هەڵبژێرن نەک جیایی. کۆمۆنیستەکان لە مافی جیایی کامڵی میللەتانی زۆرلێکراو دیفاع دەکەن و نە حەتمەن لە خودی جیایی (وە زۆر جاریش هەروا بووە)، هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەن کە لە ڕێگەی تەبلیغ و تەرویج و وشیارکردنەوە، وە لە هەمان کاتدا کە مافی جیایی بە فەرمی دەناسن، کۆمەڵانی زەحمەتکێشی میللەتانی زۆرلێکراو هان بدەن بۆ جیانەبوونەوە و یەکێتیی دڵخوازانە. ئەم هەر دوو لایەنەی هەڵوێستی کۆمۆنیستی بەرانبەر بە مەسەلەی میللی لە بار و دۆخی ئێستادا، یانی بە فەرمیناسینی مافی جیایی میللەتانی زۆرلێکراو و لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنی پێشنیاری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ئێران بەم میللەتانە لەمەڕ جیانەبوونەوە و هەڵبژاردنی یەکێتی، دەبێ لە داخواز و درووشمی ئێمەدا بەیان بکرێن و لەبەرچاو بگیرێن، وە "فیداییيانی خەڵک" باسی هیچ کام لەم دوو بناغە سەرەکییەی هەڵوێستی م. ل. یان نەکردووە.



*

خاڵێکی تر بریتییە لە دانانی باسی "گەل" لەجیاتی "میللیەت" لە "بەیاننامە"دا، (وە بەشی هەرەزۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش مەسەلەکەی هەر بەم جۆرە بەیان کردووە). ئەگەر "گەل" مانایەکی بەرتەسکتر لە مانای "میللەت" دەگرێتە بەر، (بۆ نموونە بۆرژوازی، وە یان هەندێک توێژی تر وەلا دەنێ) کە بێگومان مەبەستی "بەیاننامە"ش هەر ئەوەیە_ ئەو کاتە "فیداییيانی خەڵک" هەر بەم شێوە فۆرموولبەندییە، لە هەڵوێستی لێنینی "مافی میللەتان" پاشگەز بوونەتەوە. ئەوان لە شێوەی فۆرموولبەندی خۆیاندا لە خۆیانەوە پێکهاتی ئەو کەسانەشیان دیاری کردووە کە بڕیار دەدەن بۆ "جیایی، یان یەکگرتن"ی میللەتی زۆرلێکراو، نموونەی هەڵوێستی سەرەتایی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ناوچەی غەیرە کوردەکان بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات، نموونەیەکی زەقی لادان لە هەڵوێستی لێنینی مافی میللەتانە. لە حاڵێکدا کە کۆمەڵە وەک هێزی شۆڕشگێڕی شێلگیر لە کوردستاندا لەگەڵ حیزبی دیموکرات ڕێک کەوتبوو و دیارە مافی ڕەئیدانی بۆ حیزبی دیموکرات و لایەنگرانی ئەو حیزبە لەبەرچاو گرتبوو، بەشێکی بەرین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەم حیزبەی بە "دژی گەلی" و تەنانەت هەندێک جار بە "گەورەترین دوژمنی بەرژەوەندیی گەلی کورد" ناو لێ دەبرد، (لێرەدا کارمان بە دروستی و نادروستی ئەم حوکمە نییە). ئەگەر هەر لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی گەلیی شۆڕشگێڕ، گەلی کورد، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ناچار کردبا کە لە کوردستان ڕیفراندۆمێکی ئازاد لەسەر مەسەلەی خودموختاری بەڕێوە بەرێ، ئایا ئەو کۆمۆنیستە غەیرە کوردانە کە باسی ئەوەیان دەکرد تەنیا "گەلان" مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، وە دەیانگوت حیزبی دیموکرات "لە بەرەی گەل"دا نییە،

داواى بەرگریکردن لە بەشدارى ئەوان لە پرۆسەى دیموکراتیکى دیاریکردنى چارەنووسدا وە یان بۆ نموونە داواى بەتاڵکردنەوەى ڕاى لایەنگرانى حیزبى دیموکراتیان ئەکرد؟! لێرەدا ئەم باسە کورت دەکەینەوە و لە هەلێکى تردا بە درێژى لەسەرى دەڕۆین: هەڵوێستى لێنینى مافى میللەتان، هەروەها بەو مانایەش هەیە کە ئەو مافە بۆ <u>میللەتى</u> ژێردەستە و بۆ ئەو هێزانەى وا ڕێکخەرى بزووتنەوەى شۆڕشگێڕانەى ئەو میللەتەن بە ڕەوا بناسین کە چەندوچوونى پرۆسەى دیموکراتیکى دیاریکردنى چارەنووسى خۆ و ئەو کەسانەى کە لەو پرۆسەیەدا بەشدارى دەکەن، دیارى بکەن. ئەوە مافى <u>میللەتى</u> کوردە کە چارەنووسى خۆى دیارى بکا. بەڵام ئەمە ماف و ئەرکى سەرشانى کۆمۆنیستەکانە بە کورد و غەیرەکوردەوە، کە بە تەبلیغ و تەرویج و وشیارکردنەوە، "گەلى کورد" بێننە سەر ئەو قەناعەتە کە بە جۆرێک کەڵک لە مافى خۆى وەربگرێ، کە چارەنووسى بە دەست خۆى بسپێردرێ.

بەرنامەى لانى کەمى کۆمۆنیستى پاش هێنانەگۆڕى ئەو داخوازییانە کە سەبارەت بە ڕژێم و مافە دیموکراتیکە سیاسییەکانن، دەچێتە سەر باسى داخوازییە ئابوورییەکانى لانى کەمى پرۆلیتاریا ئەم بەشە ئەو کۆمەڵە داخوازییانە دەگرێتە بەر کە کۆمۆنیستەکان بۆ "پاراستنى پرۆلیتاریا لە ڕۆژڕەشى گوشارى دەروونى و جەستەیى، بە مەبەستى پەرەپێدانى تواناى پرۆلیتاریا لە بەرەوپێشبردنى خەباتى چینایەتى خۆیدا" بەیانى دەکەن. ئەو داخوازییە کرێکارییانەى کە "فیداییيانى خەڵک" لە "بەیاننامە"کەیاندا باسى دەکەن زۆر نین. لە بابەت ئەم جۆرە داخوازییانەوە بە ماناى تایبەتیى وشەکە، "بەیاننامە" تەنیا باسى داخوازى 40 سەعات کار و دوو ڕۆژ وچان لە حەوتوودا، وە هەروەها مانگێک مەرەخەسى ساڵانە دەکا کە



داخوازییەکى سەرەکى و فۆرموولبەندییەکى بە گوێرەى خۆى ڕێکوپێکە. (وە بە بڕواى ئێمە دەبێ ئەوەش بە ڕوونى بەیان بکرێ کە ئەو دوو ڕۆژە وچانە لەسەریەک بێ). بە لەبەرچاوگرتنى ئەوە کە هاوڕێیان ئەم "بەیاننامە"یەیان وەک داخوازییەکى لانى کەمى هەمە لایەنە باس لێ نەکردووە، باسى خاڵە وردەکانى داخوازییە ئابوورییە کرێکارییەکان ناکەین، کە بە بڕواى ئێمە دەبوو "فیداییيانى خەڵک" وەک بەشێک لە بزووتنەوەى کۆمۆنیستى داواى بکەن. ئێمە لێرەدا جەخت لەسەر پێویستى ڕۆشنکردنەوە و تەبلیغى باقیى داخوازییە ئابوورییە کرێکارییەکان دەکەین. (داخوازى سەبارەت بە بێکارى کە لە "بەیاننامە"دا گونجاوە، بە بڕواى ئێمە پەیوەندى بە بەشى داخوازییە ڕیفاهى و گشتییەکانەوە هەیە، وە لە جێگاى خۆیدا باسى ئەویش دەکەین). لەجیاتى ئەم خاڵانە کە بێسەر و شوێن چوون، "بەیاننامە" باسى ئەم دوو خاڵەى ژێرەوە دەکا:

"کارخانەکان دەبێ لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێرى ئەو کرێکارانەدا بن کە لە شوورا کرێکارییەکاندا ڕێککەوتوون. نەک هەر کارخانەکان و دامودەزگاى سەر بە سەرمایەدارانى وابەستە دەبێ لەژێر کۆنترۆڵى کرێکاران و شوورا کرێکارییەکاندا بن، بەڵکوو دەبێ هەموو ئیمکاناتى ماددى و ئەو ئیمکاناتەى کە بۆ بەگەڕخستنى چەرخى بەرهەمهێنان پێویستن، لەژێر دەسەڵاتى شوورا کرێکارییەکاندا بن". وە "کرێکاران کە هێزێکى بەرینیان لێ پێک دێ و چەرخى ئابووریى وڵات بە دەستى تواناى ئەوان دەکەوێتە گەڕ، دەبێ لە بارى ماددى و مەعنەوییەوە ژیانیان بە تەواوى مسۆگەر بکرێت، ئیتر سەرمایەدارى لە بانسەرى کرێکاران نەبێ و تارمایى هەژارى و بێکارى سێبەر نەخاتە سەر ژیانى ئەوان".

له "بەياننامە"يەكدا كە نە باسی سۆسياليزم دەكا، نە باسی حيزب و مەسەلەی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سياسی لە لايەن پرۆليتاريا و دامەزرانی ديكتاتۆريی پرۆليتاريا، نە باسی پێويستبوونی ڕابەريی چينی كرێكار لە شۆڕشی ديموكراتيكدا، وە نە باسی پەيوەنديی نێوان سەركەوتنی ئەم شۆڕشە و پێكهاتنی زەمينەی هەنگاونان بەرەو سۆسياليزم، لەناكاو "فيداييانی خەڵك" داوای ئەوە دەكەن كە "سەرمايەداری لە بانسەری كرێكاران" نەمێنی و تارمايی هەژاری و بێكاری لەناو بچیٚ! ڕوخانی بۆرژوازی لە باری ئابوورييەوە، وە زاڵبوونی پرۆليتاريا لە باری ئابوورييەوە بە هۆی شوورا كريكارييەكانەوە، جياواز لە ڕووخانی سياسيی بۆرژوازی و پێداويستييە گرنگەكانی، بەيان كراوە. ئايا ئەمەش هێناگۆڕی سۆسياليزمە؟ ئايا مەبەستی "بەياننامە" ئەوەيە سەرمايەداری وەك نيزامێك و سەرمايەداران وەك چينێك "لە بانسەری كرێكاران" لاچن؟ ئايا ئەمانە كاكڵ و ناوەڕۆكی بەرنامەی لانی زۆری كۆمۆنيستەكانن كە ئاوا بە كلك و گوێبڕاوی و ئاوا شەرمنانە لە لاوە بە "بەياننامە"كەوە هەڵپەسێردراوە؟ ئەگەر وا بێ، يانی ئەگەر مەبەستی هاوڕێيان لەم وتانەی سەرەوە لەناوچوونی بەرهەمهێنانی سەرمايەداری بێ، ئەمە نموونەی ڕۆشن و ئاشكرای "سۆسياليزم لە كارخانەدا" وە يا ئانارکۆسۆسياليزم و ئانارکۆسەنديكاليزمە، بەڵام ئەگەر مەبەستی هاوڕێيان ئەوەيە كە سەرمايەكان بە ميللی بكرێن و سەرمايەداران بە مانای تايبەتيی وشەكە لە گۆڕەپانی كارخانە لە بانسەری كرێكاران لاچن بەبێ فەوتاندن، بەبێ دەستكۆتاكردنی بۆرژوازی وەك چينێك_ دەبێ بڵێين "فيداييانی خەڵك" شتێكيان كردووە بە ئامانجی خۆيان كە پرۆسەی كۆمابوون و كۆوەبوونی سەرمايە و پەرەگرتنی دەوری دەوڵەتی بۆرژوازی لە ڕێكخستنی



بەرهەمهێنانی خۆيدا، ڕووی تێ كردووە. كەوابێ "فيداييانی خەڵك" ئەوپەڕەكەی بوونەتە "چاكساز"ی بۆرژوازی و ئاموژگاری دەكەن.

بەڵام لەو جێگايەی كە "بەياننامە" باسی هەندێك بابەتی لەم چەشنە دەكا: "وابەستەيی نەمينێ" و چاودێريكردن بەسەر بەرهەمهێناندا بە دەست شووراكان بسپێردرێ "و ئيمكاناتی ماددی و ئەو ئيمكاناتەی كە بۆ بەگەڕخستنی چەرخی <u>بەرهەمهێنان</u> پێويستن، لەژێر دەسەڵاتی شوورا كرێكارييەكاندا بن" و "ئيتر سەرمايەداری لە بانسەری كرێكاران نەبێ و تارمايی هەژاری و بێكاری سێبەر نەخاتە سەر ژيانيان" وا ديارە "فيداييانی خەڵك"يش گيرۆدە و گرفتاری هەمان پۆپۆليزمن كە پێشتر ڕەزمەندەگان و ڕاهی كارگەر تێی كەوتبوون و خەريک بوون زۆرانيان لەگەڵ دەگرت و ئێمە بە درێژە لەسەری ڕۆيشتين و باسمان كرد. ئەمە هەر ئەو بۆچوونەيە كە تێزی ڕێگای گەشەی ناسەرمايەداری كاكڵەكەيەتی و يۆتۆپيای سەرمايەداريی ميللی و سەربەخۆ تويكڵەكەيەتی. لەناوبردنی هەژاری بەبێ سۆسياليزم، نەهێشتنی بێكاری بەبێ سۆسياليزم، لابردنی سەرمايەداری لە بانسەری كرێكاران بەبێ سۆسياليزم ...

ئەمانە، هەر وەك لە وتاری "ڕەزمەندەگان و ڕاهی كارگەر، كێشە لەسەر ... "دا (ئەم وتارانە وەك ناميلكەی جياجيا بڵاو كراونەتەوە) بە درێژە باسمان كردووە، شێوەی ئەو كەسانەيە كە لە بەرنامەی لانی زۆر و سۆسياليزم و ديكتاتۆری پرۆليتاريا پاشگەز دەبنەوە و بە ناچار بۆ ئەوەی سنوورێك لە نێوان خۆيان و ڕيفۆرميزمی بۆرژوازيدا بكێشن، هەندێک بەش لەم ئامانجانە لەگەڵ ئەو داخوازييانەی لە شۆڕشی ديموكراتيكدا هەيانە تێهەڵكێش دەكەن بۆ ئەوەی "ڕاديكاڵيزمەكەيان كورتی نەهێنێ". بەڵام لێنينزم خوازياری ئەوەيە كە هەر كات باسی كۆتاييپێهاتنی هەژاری و بێكاری و

مەینەتی نیزامی سەرمایەداری بۆ کرێکاران دەکەین، باسی پێویستبوونی سۆسیالیزم، پێویستبوونی حیزبی کۆمۆنیست و پێویستبوونی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاشیان بۆ بکەین، وە هەر کات داخوازییەکانی بەشی لانی کەم دێنینەگۆڕ، دەبێ بە ڕوونی ئەوە دیاری بکەین کە ئەم داخوازییانە بۆ ڕێکخستنی خەبات لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕشێکی دیموکراتیک بە ڕابەریی چینی کرێکار و بۆ وەدیهێنانی پێشمەرجی پێویست بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، چ دەورێک دەگێڕن.

لێنینزم داوای ئەوەمان لێ دەکا کە دوو شەڕی هاوکات بە پشتیوانی ئەم دوو بەشە دیاریکراوەی بەرنامە (بەشی لانی کەم و بەشی لانی زۆر) بەرەو پێش بەرین، بەڵام پۆپۆلیزم دوو بەشی بەرنامە، دوو بەشی هاوکاتی خەبات، وە سەرەنجام دوو شۆڕشی دیموکراتیک و سۆسیالیستی تێکەڵ دەکا و ڕێگایەکی ناوەنجی بەم نێوەدا هەڵدەبژێرێ. شۆڕشێکی گەلی بە ئامانجی گەلییەوە کە هێزی بزوێنەریشی هەر گەلی بێ: ئەمە ئەو شتەیە کە پۆپۆلیستەکان پێیان وایە ئیتر بە یەکجاری کۆتایی بە مەینەتی نیزامی سەرمایەداری دێنێ و هەڵبەت چاکییەکەیشی لەوەدایە کە هەر کتومت سۆسیالیزم نییە! ئەمە بە ئارەزووی ئەو هێزانەیە کە پێیان وایە ئەگەر ئەمڕۆ وە یان لە سبەی ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتیکدا خەباتی چینایەتی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا خۆ بگرێ وە پەرە بستێنێ، تووشی نەگبەتی بوون و مۆتەکە سواری سەریان بووە. وایان پێ باشە کە پاش شۆڕشی دیموکراتیک دەرگای خەباتی چینایەتی داخرێ، وە یان لانی کەم نەرم و نیان بێتەوە و پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕانەکێشێ. با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە ئەم داخوازییە، داخوازیی کام چینی کۆمەڵە؟ ئایا ئەمە داخوازیی پرۆلیتاریای



سۆسیالیستە کە لە شۆڕشی دیموکراتیکدا تەنیا ڕێگا بۆ هەنگاوەکانی دواتری خۆش دەکا؟ وە یا داخوازی ئەو وردەبۆرژوا دیموکراتەیە کە لەم شۆڕشەدا بە هەموو ئاواتەکانی دەگا؟ بێگومان ئەمەی دووەم (سۆسیالیزمی گەلی) تیۆری شۆڕشگێڕی وردەبۆرژوازییە.

"فیداییانی خەڵک"، ویستی شووراکان و چاودێرییان بەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەدا، ناکەنە دروشمێک بۆ پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی (کە خەباتێکی سیاسییە)، بەڵکوو دەیکەنە دروشمێک بۆ وەگەڕخستنی چەرخی بەرهەمهێنان. ئەم هاوڕێیانە دەبێ ڕوونی بکەنەوە کە دەور و جێوشوێنی ئەم شوورایانەی کە داوای دەکەن چ جیاوازییەکی تایبەتییان لەگەڵ دەور و جێوشوێنی ئەو شورایانەدا هەیە کە موجاهیدین و "پەدەر تاڵەقانی" لە خەون و خەیاڵی وردەبۆرژوازیی خۆیاندا پێکیان هێنابوون.

هەر لێرەدا دەبێ لەسەر ئەوە جەخت بکەینەوە، کە ئێمە درووشمی پێکهێنانی شورای ڕاستەقینەی کرێکاری و هەروەها درووشمی چاودێریکردنی کرێکاران بەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەدا بە هۆی شووراکانەوە، وەک دروشمێکی ئاکسیۆنیی شۆڕشگێڕانە و ئوسووڵی لەم قوناغەی خەباتی چینایەتیدا قبووڵ دەکەین. بەڵام ئێمە شوورامان بۆ ئەوە ناوێ کە هەر لە خۆوە چەرخی بەرهەمهێنان بخاتە گەڕ، وە چاودێری و کۆنترۆڵی کرێکاریشمان بۆ ئەوە ناوێ، کە کرێکاران ببنە کارگێڕی بێ جیرە و هەقدەست لە خزمەت سەرمایەداران و دەوڵەتدا، بەڵکوو ئەوانەمان وەک ئامرازێک دەوێ کە لەم قوناغەی شۆڕشی دیموکراتیکدا خەباتی پرۆلیتاریا لە پێناوی وەدیهێنانی هەندێک لایەنی داخوازییە لانی کەمەکانی (بە داخوازی ئابووری و سیاسییەوە) ڕێک بخا و یەکگرتووی بکا. وە هەر بەم بۆنەوە ئەم دروووشمانە نەک لە داخوازییەکانی بەشی لانی کەمدا،

بەڵکوو لەو کۆمەڵە درووشمە ئاکسیۆنییەدا کە خەبات ڕێک دەخەن بەیان دەکرێن. جا شووراکان بۆ وەدیهێنانی ئەم داخوازییانە تا چ ڕادەیەک و لە چ هەلومەرجێکدا دەبێ چەرخی بەرهەمهێنان بخەنە گەڕ (بۆ نموونە چاو لە سەروتاری گۆڤاری "عەلەیهی بێکاری" ژمارە 5 بکەن)، یان پێشی پێ بگرن، وە یان بۆ نموونە کۆنترۆڵی کرێکاری تا چەندە بەو مانایەیە کە کرێکاران بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کاڵا بەدەستەوە بگرن، وە یان کاتێک دەوڵەت و سەرمایەداران ئەم کارەیان کرد کرێکاران تەگەرەی تێ بخەن و ئاڵۆزیی تێدا پێک بێنن، مەسەلەیەکە کە ڕێک دەبێ لە هەر هەنگاوێکدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئەو هەنگاوە تا چ ڕادەیەک گەشە بە خەباتی کرێکاران دەدا (خەباتێک کە تەنیا لە ڕاپەڕینی سەرکەوتووانەدا دەگاتە ئەوپەڕی گەشەی خۆی) دیاری بکرێ. ئەگەر وا نەبێ، یانی ئەگەر مەسەلەی شووراکان و چاوەدێری کرێکاران بەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کاڵادا، بە مەبەستی وەگەڕخستنی چەرخی بەرهەمهێنان بە گشتی، باسی بکرێ، ئەمە جگە لە ئانارکۆسەندیکالیزم هیچی تر نییە و دەبێتە هۆی ئەوە، کە پەرە بە خۆشباوەڕیی کرێکاران بەرانبەر بەو بۆچوونە بدا کە گوایە پرۆلیتاریا پێش ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی وەدەست بێنێ، دەتوانێ لە باری ئابوورییەوە بەسەر بۆرژوازیدا زاڵ بێ.

هەروەها، بەشی لانی کەمی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی ئەو داخوازییانەی تێدایە کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بە قازانجی هاوخەباتەکانی لە شۆڕشی دیموکراتیکدا، بۆ ڕاکێشانیان بەرەو خەباتی شۆڕشگێڕانە لەژێر ڕابەری خۆیدا وە بۆ پێکهێنانی زەمینە و مەیدانی هەرە لەبار بۆ پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی لە شار و دێ، دەهێنێتە گۆڕ. لە هەلومەرجی ئێستادا، بە لەبەرچاوگرتنی گرنگبوونی



دەوری توێژی بەرینی وردەبۆرژوازی شار، وە هەروەها پەیوەندیی نێوان مەسەلەی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەوری دەوڵەت، ئەم جۆرە داخوازییانە دەکرێ بە ناوی داخوازیی گشتییەوە باسیان بکرێ. "بەیاننامە" لەم بابەتەوە گەلێک داخوازی هێناوەتە گۆڕ کە هەندێکیان لەژێر کاریگەری ئەو پۆپۆلیزمەدا کە بەسەر تەواوی بەرنامەکەدا زاڵە، تووشی هەڵە و لاڕێی گرنگ بوون، کە ئێمە بە کورتی باسیان دەکەین:

"فیداییانی خەڵک دەڵێن: بێکاری کە دەردی چارهەڵنەگری نیزامی سەرمایەدارییە، وە ئەمڕۆ ملیۆن ملیۆن هاونیشتمانی زەحمەتکێشی وڵاتەکەمان بوونەتە قوربانیی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە، دەبێ ڕیشەبڕ بکرێ و کار بۆ گەل مسۆگەر بکرێ، دیارە هەتا ئەو کاتەی کە نیزامی سەرمایەداری وابەستە و ئەو سەرمایەدارانەی کە خوێنی کرێکارانیان مژیوە لێ نەکەون، ئەم کارە سەرناگرێ".

هێنانەگۆڕی داخوازییەک بەم چەشنە، یان ئەوەیە کە فیداییانی خەڵک بە شەرمەوە باسی "سۆسیالیزم" دەکەن و ناوی نابەن، وە یان خۆشباوەڕییە بەرانبەر بەوە کە "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ" دەتوانێ بێکاری لەناوبەرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم نووسراوەیەی سەرەوە (نەهێشتنی سەرمایەدارانیی وابەستە و ئەو سەرمایەدارانە ...) وا دیارە کە هەر خاڵی یەکەم دروست بێ، واتە بە شەرمەوە باسی "سۆسیالیزم" دەکەن و ناوی نابەن. (ئەگەر وا نەبێ، یانی ئەگەر مەبەستی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ"ی فیداییانی خەڵک پێکهێنانی سەرمایەداریی دەوڵەتی "میللی"یە، جا ئەوجار کورت و کرمانجی دەبێ بڵێین کە بێکاری دەردی چارهەڵنەگری هەموو چەشنە سەرمایەدارییەکە و هەر دەوڵەتێک کە بە سەرپشتی ئەم سەرمایەدارییەوە بێ، وە یان لەگەڵی هەڵکا، هەر چەندیش

شۆڕشگێڕ بێ، بۆ "ڕیشەکێشکردنی نیزامی سەرمایەداری" هیچی لەدەست نایە). ئەگەر هاوڕێیان بەڕاستی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بێکاری دەردی چارهەڵنەگری سەرمایەدارییە، دەبێ بە ڕاشکاوی سۆسیالیزم بە چارەی ئەم دەردە بزانن و هەر ئاوا بە ڕاشکاوی ئەم ڕاستییە بە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش ڕاگەیەنن. (قسە لەسەر "ڕاستی و ڕاشکاوی" نییە، بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە پرۆلیتاریا پێویستییەکی شۆڕشگێڕانەی بەوە هەیە کە ڕاستییەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری بناسێ). ئەو داخوازییە کە دەیەوێ "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" (کە ڕوون نییە لە ئاکامی کام خەباتی شۆڕشگێڕانەدا دێتە سەرکار و دەوڵەتی کام چین وە یا کام چینانە) بێکاری ڕیشەکێش بکا، داخوازییەکی تەواو تێکەڵ و نارۆشنە کە جگە لەوەی خۆشباوەڕیی جەماوەر پەرە پێ بدا کە گوایە ئیمکانی ئەوە هەیە لە هەموو جۆرە "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ" و "تەوحیدی" و "پێشکەوتنخواز" و "ئیسلامی"دا، هەژاری و بێکاری لەناوبچێ و ئیتر جەماوەر پێویستییان بە سۆسیالیزم نییە، هیچی تێدا بەستە نییە (هەڵبەت ئەوەندەی هەیە، کە فیداییانی خەڵک بەم جۆرە دەیانەوێ نیشانی جەماوەر بدەن کە بە لای ئێمەوە بێکاری شتێکی خراپە_ جا کێ وتوویەتی بێکاری شتێکی باشە؟!). بەرانبەر بەم داخوازییە نارۆشنە، ئێمە دەبێ خوازیاری ئەوە بین کە بژێوی بێکاران لەسەر حیسابی بۆرژوازی دابین بکرێ و باشترین شێوەی جێبەجێبوونی ئەم داخوازییە ئەوەیە، کە بێکاران بیمەی کامڵی بێکارییان پێ بدرێ. بەڵام ئەو دروشمە ئاکسیۆنییەی کە بە باشترین شێوە دەتوانێ خەباتی کرێکاران بۆ دیفاع لە ئاستی گوزەرانی بێکاران و ئەستاندنی بژێوی ئەوان لە بۆرژوازی و لەوەش گرنگتر خەباتی کرێکاران بۆ یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی چینی کرێکار و گەشەی خەباتی



چینایەتی، لەژێر ئاڵایەکدا کۆ بکاتەوە، درووشمی پێکهێنانی یەکێتیی کرێکاری لە دژی بێکارییە. هەر لەم ژمارەیە (ی گۆڤاری عەلەیهی بێکاری)دا، ئێمە باسی ئەم درووشمەمان کردووە و سەرجەمی هەڵوێستەکانی "کۆمیتەی پێکهێنانی یەکێتیی کرێکاری لە دژی بێکاری" کە لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی گۆڤاری "عەلەیهی بێکاری"دا باسیان کراوە، هەڵوێستی ئێمە و ڕەخنەی ئێمە بەرانبەر بە "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" لە بابەت مەسەلەی بێکارییەوە بەیان دەکەن.

لە بابەت مەسەلەی گرانییەوە، "فیداییانی خەڵک" هەر ئەم تێکەڵاوی و نارۆشنییە دیسانەوە نیشان دەدەن. ئەوان بە ڕوونی لەسەر ئەم خاڵە تایبەتە، لە لای خۆیان سەرەتا وایان داناوە کە گرانی لەدەور و هەڵسووڕانی سەرمایەداریی بازرگانیی تایبەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، وە پاشان ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەوە دەزانن کە بازرگانیی دەرەوە میللی بکرێ و چاودێریی بازرگانیی دەرەوە بدرێتە دەست "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" و لەدەستی "مفتەخۆرەکان و سەرمایەدارەکان و بازرگانە دەوڵەمەندەکان و دەڵاڵەکان" دەربێ. ئێستا ناچینەوە سەر ئەو باسە کۆنەی کە جەوهەری چینایەتی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ (کە "بەیاننامە" هیچ باسی نەکردووە) چییە. تەنیا ئەوە دەڵێین کە یەکەم: میللیبوونی بازرگانیی دەرەوە، لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداریدا، جگە لەوە کە سەرمایەی دەرەوە یەکجێ لەدەستی دەوڵەتدا بێ، هیچ مانایەکی تری نییە، وە دووەم: ئەم کارە مەسەلەی گرانی چارەسەر ناکا، بەڵکوو تەنیا ڕەنگە (بەپێی خەرجی ڕێژەیی بەڕێوەبردنی کارەکان) هەتا ڕادەیەکی دیاریکراو کەمی بکاتەوە. گرانیش هەر وەک بێکاری، دەردی بێدەرمانی سەرمایەدارییە (بەڵام لە قوناغی ئێستادا و بە

لەبەرچاوگرتنی دەوری تازەی پشتیوانە لە بەدیهاتنی کاڵاکان و کۆمابوونی سەرمایەدا). کەوابوو نەک هەر بەتەنیا سەرمایەی بازرگانیی تایبەتی، بەڵکوو کۆمابوونی سەرمایە و مەسەلەی بەدیهاتنی بایی کاڵاکان بە گشتی، هۆ و سەرچاوەی گرانییە. "بەیاننامە" جەماوەر تەنیا لە دژی سەرمایەی بازرگانیی تایبەتی هان دەدا. ئەمە هەڵوێستی لیبراوانەی بۆرژوازی پیشەسازییە کە هەر ماوەیەک لەوەپێش جێنشینی بانکی ناوەندی و بەر لەویش زۆربەی کاربەدەستانی ئابووریی کۆماری ئیسلامی پێیان لەسەر دادەگرت و ئێستاش هەر لەسەری سوورن و بەکردەوە ماناکەی دەبێتە ئەوە کە: هەرچی سەرمایەی بازرگانی یەکجێتر بێ، هەر یەکەیەکی کاڵا بە خەرجێکی کەمترەوە بڵاو دەکرێتەوە (وە دەگاتە دەستی دوایین کڕیاری خۆی) و پرۆسەی بەدیهاتنی بایی کاڵاکان خەرجێکی کەمتری تێ دەچێ. ئەمەش بەشبەحاڵی خۆی دەبێتە هۆی ئەوە کە ئاخر نرخی کاڵا بۆ دوایین کڕیار، بە بۆنەی کەمبوونەوەی بە شی تێکڕای سەرمایەی بازرگانی لە تێکڕای زێدەباییەک کە لە بەشی بەرهەمهێناندا بەرهەم هاتووە، هێندێک لەوەی ئێستا هەیە کەمتر بێ (بە مەرجێک باقی فاکتۆرەکان نەگۆڕێن). قازانجی بازرگانی لەسەر نرخی کاڵاکان داشکێنین، لە ئاکامدا نرخ هێندێک دێتەخوار بەبێ ئەوەی لە قازانجی سەرمایەی پیشەسازی کەم بێتەوە. ئەم ڕێگایە، ڕێگای کەمتر گرانبوونی کاڵاکانە، نەک گراننەبوونیان. بەڵام سەیر ئەوەیە "بەیاننامە"، کە زۆر بەگەرمی داوای کۆتابوونی دەستی دەڵاڵەکان و کۆوەبوونی سەرمایەی بازرگانی دەکا. لەناکاو هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێ و وا لەقەڵەم دەدا کە هۆی هەڵاوسان بە تایبەت "مۆنۆپۆڵە"، بۆ ئەوەی بتوانێ وردەکاسبکاران لەژێر باری "گوناهی" پێکهێنانی هەڵاوسان (وەک دەڵاڵ) بێنێتە دەرەوە.



هیچ گومان لەوەدا نییە کە پرۆلیتاریا دەبێ دیفاعی بەمەرج لە وردەکاسبکاران بکات، بەڵام نابێ بۆ ئەم مەبەستە تیۆری تازەی ئابووری بۆ دابنێ. (مۆنۆپۆڵ بۆ ماوەیەک هەندێک کاڵا گران دەکا، بەڵام سەرچاوە و هۆی گرانی مۆنۆپۆڵ نییە). توێژێکی ئێجگار بەرینی وردەبۆرژوازیی بازرگانیش نانیان لەوەدایە کە شت بە جوملە بکڕن و قازانجی وردەفرۆشییەکەی بخۆن. یانی دەڵاڵی نێوان بەرهەمهێنان و کڕیارانن. وە سەرجەمی داهاتێک کە وردەفرۆشەکان وەدەستی دێنن (هەر چەندە هەر یەکەیەک بەتەنیا بەشێکی بچووکی پێ دەبڕێ) تەنانەت لە سەرجەمی داهاتی بەشی جوملەفرۆشیی بازرگانیی ناوخۆ زیاترە. (بۆ نموونە دەتوانن تەماشای "ساڵنامەی ئاماری وڵات، ساڵی 1355" لاپەڕەکانی 52_ 451 بکەن) کۆمۆنیستەکان لە هەمان کاتدا کە پەردە لەسەر هەموو هەنگاوێکی ئاسایی و "نائاسایی"ی سەرمایەداران (وە مۆنۆپۆڵیش وەک هەموو هەنگاوەکانی تریان) کە لە پێناوی وەدەستهێنانی قازانجی هەرچی زیاتردا ڕۆژ بەڕۆژ باری مەینەتی ژیان لەسەر شانی جەماوەر قورستر دەکا، لادەدەن، وێڕای پشتیوانی بە مەرج لە وردەکاسبکاران، دەبێ بۆ کرێکاران ڕوونی بکەنەوە سەرمایەداری و گرانی لێک گرێ دراون، وە بە کرێکاران بڵێن سۆسیالیزم ڕێگاچارەی یەکجارییە. باشترین ئامراز کە پرۆلیتاریا دەتوانێ لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداریدا بەرانبەر بە گرانی کەڵکی لێ وەرگرێ، زیادکردنی کرێ بەپێی چوونەسەری نرخی کاڵاکانە، کە بە داخەوە "بەیاننامە" بێدەنگەی لە داخوازییە ئابوورییە کرێکارییەکان کردووە و ئەم مەسەلەیەی نەهێناوەتە گۆڕ.

وە سەرەنجام "فیداییانی خەڵک" کە لە بابەت خاوەنپیشە و کاسبکارانەوە باسی ئەوەیان کردووە کە قەرزەکانیان لەسەر

هەڵگیرێ، کاتێک دەچنە سەر باسی داخوازییە وەرزێرییەکان، ئەم داخوازییە بنەڕەتییە دەخەنە پشتگوێ و باسی ناکەن. جگە لە مەش مەسەلەی دەسبەسەراگرتنی زەویی مڵکدارەکان، وەک مەسەلەیەکی جیاواز لە مەسەلەی "شووراکان و یەکێتییە جووتیارییەکان، باسیان لێ کراوە. (یان لانی کەم پەیوەندیی نێوان ئەم دوو مەسەلەیە لە "بەیاننامەکە"دا بە ڕاشکاوی باسی نەکراوە). بە بڕوای ئێمە داخوازیی کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەوە بێ کە دەسبەسەراگرتنی زەویوزار لە لایەن ئەم شوورا و یەکێتییانەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکان بە ڕەسمی و قانوونی بناسرێ. ئەمەیە ئەو شێوە فۆرموولبەندییە کە هەر بەتەنیا باشتربوونی ئاستی گوزەرانی جووتیاران، وە یان زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی وەک مەسەلەی سەرەکی لەبەرچاو نییە، بەڵکوو بە مەبەستی گەشەی خەباتی چینایەتی لە دیهات و بەهێزکردنی حاسڵی دیموکراتیکی ئەم خەباتە چینایەتییە لە مەیدانی سیاسەتدا لە دژی دەوڵەتی بۆرژوایی و گەورەمڵکداریی، مەسەلەکە دێنێتە گۆڕ. ئێمە لەم بابەتەوە بیروڕای خۆمان بە درێژی لە نامیلکەیەکدا بە ناوی "کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی جووتیاری پاش چارەسەری ئیمپریالیستیی مەسەلەی زەوی" (ڕەشەمەی ساڵی 80) دەربڕیوە، کە داوا لە هاوڕێیان دەکەین بیخوێننەوە.

### 2) "بەیاننامە" ڕەنگدانەوەی بۆچوونێکی لارێیە بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم

خەسڵەتی بەرچاوتەنگانە و وردەبۆرژوایی داخوازە سیاسییە بناغەییەکانی بەیاننامە، بە باشی نیشاندەری بۆچوونی چەوتی "فیداییانی خەڵک"ە بەرانبەر بە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و



سۆسیالیزم بە لای پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە، ئێمەش هەر لێرەوە دەست پی دەکەین:

"فیداییانی خەڵک" دەڵێن: دەبێ ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوە و گروپ و کۆڕ و کۆمەڵێکی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز کە داکۆکی لە مافی گەل دەکەن دابین بکری".

"فیداییانی خەڵک" دەڵێن: دەبێ ئازادیی باوەڕ و دەربڕینی بیروباوەڕ، ئازادیی قەڵەم و چاپەمەنی، ئازادیی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، ڕێپێوان و میتینگ و مافی مانگرتن و ڕێکخستنی شوورا و یەکێتی و سەندیکا بۆ گەل دابین بکرێ". (جەختەکان هی ئێمەن)

ئێستا وەرن ئەم داخوازییانە لەگەڵ چەند بەند لە بەشی سیاسیی داخوازییەکانی لانی کەمی بۆلشەڤیکەکان لە ساڵی 1917دا، پێک بگرن:

"قانوونی بنچینەیی کۆماری دیموکراتیکی رووسیا دەبێ (ئەم خاڵانە) مسۆگەر بکا:

... 2) مافی دەنگدانی گشتی، یەکسان و ڕاستەوخۆ بۆ هەموو هاووڵاتیان بە ژن و پیاوەوە، کە تەمەنیان گەیشتبێتە 25 ساڵ، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قانووندانان و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارەتی خوجێییدا ...

5) ئازادیی نامەحدوود (بێ قەید و شەرت)ی باوەڕ، بەیان، چاپەمەنی، کۆبوونەوە، مانگرتن و ڕێکخستن ...

7) هەڵوەشاندنەوەی پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان، مافی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان جیاواز لە ژن و پیاوبوون و مەرام و ڕەگەز و میللەتیان.

(دەقی بەرنامەی حیزب پاش چاوپێداخشاندنەوە، سەرجەم بەرهەمەکانی لێنین، ئینگلیزی، بەرگی 24، لاپەڕەی 672_ 671، جەختەکان هی ئێمەن)

ئەگەر جیاوازی نێوان "بەیاننامە" و بەرنامەی بۆلشەڤیکەکان لە باری چۆنیەتی داڕشتنی فۆرموولەکانەوە لەبەرچاو نەگرین، (کە ئەمە خۆی لەخۆیدا هیچ خەوشێکی تێدا نییە) خاڵێکی بنەڕەتی، ویست و داخوازیی بۆلشەڤیکەکان لە ویست و داخوازی فیداییانی خەڵک جیا دەکاتەوە. "فیداییانی خەڵک" ئازادیی سیاسیی بنەڕەتییان بۆ "گەل و ئەو هێزانەی کە پارێزەری بەرژەوەندی گەلن" دەوێ، وە بۆلشەڤیکەکان لایەنگری ئازادیی بێسنووری باوەڕ و بەیان و ڕێکخستن و ئەم جۆرە شتانەن و داوای ئەوە دەکەن کە هەموو هاووڵاتیان (هەر کەس تەبەعەی وڵات بێ) مافی ئەوەیان هەبێ کەڵک لەم ئازادییانە وەرگرن. هەر کەس کەپێی وا نەبێ لە سبەی ڕۆژی شۆڕشی دیموکراتیکدا کۆمەڵی بۆرژوا بەتێکڕا بەدەم ئاودا دەدرێن، وە یان دەخرێنە زیندانەوە، وە بەم بۆنەیەوە ئیتر تەنیا "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندیی گەل" دەمێننەوە و "هاووڵاتیان" هەر ئەوان دەبن، ئەم جیاوازییانەی نێوان "بەیاننامە" و "بەرنامەی بۆلشەڤیکەکان" زۆر پرسیاری بۆ دێننە پێش: چی قەوماوە؟ ئایا لێنین و بۆلشەڤیکەکان کەمتەرخەمییان کردووە؟ ئایا لێهاتووترین ڕابەرانی مێژووی خەباتی پرۆلیتاریا ئەوەندەیان تێگەیشتنی سیاسی نەبووە کە بزانن بۆرژوازی و بەرەی دژ بە شۆڕشیش لەم مافانە بەهرەمەند دەبن؟ ئایا لێنین و بۆلشەڤیکەکان کە لەوەش واوەتر چوون و ڕایان گەیاندووە کە "کۆماری دیموکراتیکی ڕووسیا (یانی هەمان حکوومەتی کرێکاران و جووتیاران) ئەم مافانە زەمانەت دەکا، بەرانبەر بە مەسەلەکە بێدەربەست نەبوون؟ ئایا نەیان دەزانی کە "وا



باشترە" تەنیا بۆ "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندی گەل" داوای ئازادی بکەن، بۆ ئەوەی بۆرژوازی دژ بە شۆڕش و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی، تاقمە ڕەشڕەوشتەکان (Black Hundreds)، کادیتەکان، پرۆفیسۆرە لیبراڵەکان و تەنانەت مەنشەڤیکەکان کە لە سەردەمی 1917دا ئیتر بە ئاشکرا چووبوونە ڕیزی بۆرژوازییەوە، وە دارودەستەی تری لەم قوماشە بە خراپ کەڵکی لێ وەرنەگرن؟ ئایا "بەیاننامەی" "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" و ئەو فۆرموولە تازەبابەتەی کە ئازادیی سیاسی بۆ "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندیی گەل" دەوێ، لە باری وشیاریی سیاسی و دڵسۆزی بۆ زەحمەتکێشان و بەرژەوەندی ئەوانەوە لە لێنین و بۆلشەڤیکەکان و لە هەموو ئەو بەرنامە لانی کەمانەی کە هەتا ئێستا کۆمۆنیستەکان پەسەندیان کردوون، واوەتر نەچووە؟ ڕەنگە "فیداییانی خەڵک" و بەشی هەرە زۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران کە دەسکەوتێکی تازەی بەرنامەییان بەدەست هێناوە و هەڵەیان بۆ بۆلشەڤیزم ڕاست کردووەتەوە، چاوەڕێی ئەوەین کە جەماوەر پاداشی چاکەیان بداتەوە و لێیان مەمنوون بێ! بەڵام وانییە، کاری لێنین و بۆلشەڤیکەکان و شێوەی کلاسیکی داڕشتنی بەرنامەی لانی کەم هیچ گرێوگۆڵێکی تێدا نییە. شتی تازەبابەتی لەم چەشنە خێر و بەرەکەتی دەسەڵاتی پۆپۆلیزمە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. ئێمە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی ئەم خاڵە شی بکەینەوە و لەسەرڕۆیشتنی هەڵدەگرین بۆ داهاتوو، کە هەڵبەت زۆریش پێویستە. ئەو خاڵەی "بەیاننامە" کە بۆ "گەل و لایەنگرانی بەرژەوەندیی گەل" داوای ئازادی دەکا لە سەرەتادا وای پێوە دیارە کە مەبەستێکی خێرخوازانەی پرۆلیتێری تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ئازادی لە بۆرژوازی بستێنێتەوە. ئایا بەڕاستی ئەمە داخوازیی هەموو

کۆمۆنیستەکان نییە؟ وەڵامەکەی ڕۆشنە. ئەمە داخوازیی هەموو کۆمۆنیستەکان و لە هەمووان زیاتر داخوازیی لێنین و بۆڵشەڤیکەکان بوو وە ئێستاش هەیە. هەڵسووڕانی سیاسیی بۆرژوازی بە مانای هەڵسووڕانە لەپێناو فریودان و سەرکوتی پرۆلیتاریا و بە مانای تەقەلایە بۆ هێشتنەوە و پتەوکردنەوەی بناغەکانی کۆیلەتی کرێگرتەی جەماوەری بەرین و خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاش ئەگەر ئەوەی بە ئامانجی خۆی دانەنابا کە بۆرژوازی سەرکوت بکا و ئازادی لێ زەوت بکا، نەدەکرا پێی بلێی خەباتی چینایەتی. بەڵام گرێی کارەکە لە کوێدایە؟ بۆچی لێنین و بۆڵشەڤیکەکان وەک هەموو کۆمۆنیستەکانی تر لە بەرنامەی لانی کەمی خۆیاندا داوای ئازادیی سیاسیی بێ قەید و شەرت دەکەن و خوازیاری ئەوەن هەموو هاووڵاتیان لەو ئازادییە بەهرەمەند بن. هەڵوێستی لێنینی بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم لە ڕێبازی گشتیی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا، وەڵامدەرەوەی ئەم پرسیارەیە. لێنین و بۆڵشەڤیکەکان بە ڕوونی سنووری نێوان دیموکراسیی پرۆلیتێری و دیموکراسیی بۆرژواییان دیاری دەکرد. دیموکراسیی پرۆلیتێری و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەر و پشتی یەکترن. ئەمەیە ئەو دیموکراسییە کە لێنین پێی دەڵێ "دیموکراسی بۆ هەژاران" ("کاوتسکی وەرگەڕاو") و بە حاسڵی گەشەی دیموکراتیزم و پەرەگرتنی مافە دیموکراتیکەکانی جەماوەری خەڵک (واتە، زۆربەی زۆرلێکراوانی کۆمەڵ)ی دەزانی، ئەم پرۆسەی گەشەکردنە جگە لەوەی کە شکڵ و شێوەی نوێی دیموکراسییەک کە پشتی بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەستووە، جێگای دیموکراسیی بۆرژوایی و شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەو دیموکراسییە بگرێتەوە، هیچ مانایەکی تری نییە.



بەڵام بەپێچەوانەی تێگەیشتنی پرۆفیسۆرە لیبراڵەکان و ئۆپۆرتۆنیستە وردەبۆرژواکان لەم دیموکراسییە بۆرژواییە، کە بە ناچار بەرتەسکە و بە نهێنی دەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای زۆرلێکراوان و هیچ بەشی ئەوانی تێدا نییە، وە هەر بەم بۆنەیەوە سەرەتا پێی پڕە لە درۆ و ڕیا، گەشە و هەنگاوی بەرەو پێشەوە، ئیتر هەر وا بە ساکاری بە ڕاستەڕێ و تەختاییدا ناڕوا و "هەردەم لە دیموکراسی ڕۆژ لەڕۆژ زیاتر" نزیک نابێتەوە. نا، گەشە و بەرەوپێشچوون یانی، گەشەکردن بەرەو کۆمۆنیزم تەنیا لە یەک ڕێگاوە تێپەڕ دەبێ و ئەویش دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە. چونکە تێکشکاندنی بەرگریی سەرمایەدارانی چەوسێنەر لەدەست هیچ کەسێکی دی نایە و بە هیچ شێوەیەکی تر ناکرێ.

بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، یانی ڕێکخستنی پێشەنگی زۆرلێکراوان وەک چینی دەسەڵاتدار بۆ سەرکوتی چەوسێنەران، ناکرێ و نابێ ئاکامەکەی هەر ئەوەندە بێ کە پەرە بە دیموکراسی بدا. لەگەڵ پەرەپێدانی بەرینی دیموکراتیزم کە بۆ یەکەم جار دیموکراتیزم بۆ دەوڵەمەندەکان نییە، بەڵکوو دیموکراتیزم بۆ هەژاران و کۆمەڵانی خەڵکە، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە باری ئازادییەوە هەندێک تەنگەبەری بۆ زاڵمان و چەوسێنەران و سەرمایەداران پێک دێنی. ئێمە دەبێ ئەوانە سەرکوت بکەین بۆ ئەوەی ئینسان لە کۆت و بەندی کویلەتی کرێگرتە ڕزگاری بێ، دەبێ موقاوەمەتی ئەوان بە شێوەی توندوتیژ تێک بشکێندرێ. دیارە لە هەر شوێنێک سەرکوت و زەبروزەنگ هەبێ، ئەو شوێنە ئازادی و دیموکراسی لێ نییە ...

دیموکراسی بۆ زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و سەرکوتی توندوتیژ بۆ چەوسێنەرانی خەڵک یانی، بێبەشکردنیان لە دیموکراسی، ئەمەیە ئەو

ئاڵوگۆڕەی کە کاتی تێپەڕبوون لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم لە شێوەی دیموکراسیدا پێک دێ (لێنین، دەوڵەت و شۆڕش)

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ خەبات لە پێناوی ئەو دیموکراسییەدا کە بەیاننامەی "فیداییانی خەڵک دەڵێن چی" بەڵێنی وەدیهاتنی داوە، یانی خەبات بۆ "دیموکراسی هەژاران" (وە یا هەمان دیموکراسی پرۆلیتێری) جگە لە خەباتی چینایەتیی هەمە لایەنەی پرۆلیتاریا بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هیچی تر نییە. خەباتێک کە بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆر و لە مەیدانی جۆراوجۆردا بەرەو پێش دەچێ. سەرکوت و ئەستاندنەوەی ئازادی لە بۆرژوازی حاسڵی سەرکەوتنی پرۆلیتاریایە لە خەباتێکی سیاسی_ پراتیکدا، کە بۆ تێکشکاندنی ماشێنی دەوڵەتی بۆرژوازی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەی دەبا. کەوایە ئاشکرایە کە داواکردنی دیموکراسی بۆ گەل و وەعدەدانی ئەم دیموکراسییە و ئەستاندنەوەی ئازادی لە بۆرژوازی جگە لەداواکردن و وەعدەدانی دیکتاتۆری پرولیتایا، وەک دیکتاتۆری چینێک و هەر تاقە چینێک مانایەکی تری نییە. بەرنامەی لانی زۆری کۆمۆنیستەکان بەبێ هیچ پەردەپۆشییەک ئەمە بەیان دەکا و باسی پێداویستییە ماددی و عەمەلییەکانی ئەم دیکتاتۆرییە، پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر، ئینتەرناسیۆنالیزم و حیزبی کۆمۆنیست دەکا. داواکردن و وەعدەدانی "دیموکراسی بۆ گەل" بەبێ داواکردن و وەعدەدانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، جگە لە پەردەپۆشکردنی بەرژەوەندیی سەربەخۆی چینی کرێکار و هەڵگەڕانەوە و وەرگەڕانی تەواو لە تیۆری و بەرنامە هیچی تر نییە.

بەڵام با بزانین بە لای کۆمۆنیستەکانەوە دیموکراسی بۆرژوایی چ جێ و شوێنێکی هەیە:



دیموکراسی بۆرژوایی لەچاو نیزامی سەدەکانی ناوەڕاست، پێشکەوتنخواز بوو، وە دەبوو کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەڵام ئێستا ئیتر بۆ چینی کرێکار کەمە. ئێستا ئیتر دەبێ بۆ پێشەوە بڕوانین نەک بۆ پشتەوە، دەبێ بۆ جێگۆڕکێی دیموکراسی بۆرژوایی و دیموکراسی پرۆلیتێری بڕوانین. ئەوە ئەگەر لە چوارچێوەی دەوڵەتی بۆرژوا_ دیموکراتیکدا ئیمکان (و پێویستی) سازدانی شۆڕشی پرۆلیتێری و پەروەردەکردن و پێکهێنانی سوپای پرۆلیتێری هەبا، ئەو کاتە، کە کار دەگاتە قۆناغی "شەڕی لێبڕاوانە"، بەرتەسککردنەوەی پرۆلیتاریا لەم چوارچێوەیەدا تەنیا بە مانای خەیانەتکردن دەرهەق بە ڕێگای پرۆلیتاریا و هەڵگەڕانەوە لە ڕێبازی پرۆلیتاریا بوو." (جەختەکان هی ئێمەن)

ئێمە لەوەپێش لە نووسراوەی تردا باسی پەیوەندیی دیموکراسیی بۆرژوایی لەگەڵ پێکهاتن (و پێکهێنانی) زەمینە و مەرجی پێویست بۆ دواهەنگاوی پرۆلیتاریا بەرەو سۆسیالیزم، یانی دوا هەنگاو بەرەو "دانانی دیموکراسیی پرۆلیتێری لە جێگای دیموکراسیی بۆرژوایی"مان کردەوە. هێنانەوەی ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بە ڕوونی جێوشوێنی دیموکراسی هەرچی کاملتری بۆرژوایی وەک هەلومەرجێک کە تێیدا دەبێ زمینە بۆ شۆڕشی دیموکراتیک ئامادە بکرێ، ڕوون دەکاتەوە. دیموکراسیی بۆرژوایی، تەنانەت جۆری هەرە کاملێشی، بۆ پرۆلیتاریا جێگای هیچ چەشنە خۆشباوەڕییەک نییە و بۆیە نابێ وەک هەلومەرجی لە باری سیاسی، وەعدەی ئەم چەشنە دیموکراسییە بە جەماوەر بدا بەڵکوو:

"ئێمە خوازیاری کۆماری دیموکراتیکین، چونکە لە سەردەمی سەرمایەداریدا ئەم کۆمارە بۆ پرۆلیتاریا باشترین و لەبارترین شێوازی دەوڵەتە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە لە

ديموكراتيكترين كۆماری بۆرژوايیيشدا بەشی جەماوەر هەر كۆيلەتی كرێگرتەيە. جگە لەمەش، هەر دەوڵەتێك "هێزی تايبەتی سەركوت"ی چينی زۆرلێكراوە، كەوابوو هيچ دەوڵەتێك نە ئازادە و نە گەلييە. "لێنين، دەوڵەت و شۆڕش".

كەوايە مەسەلەكە ڕوون و ئاشكرايە. ئەو ديموكراسييەی كە پرۆليتاريا وادەی دەدا بە زۆربەی زۆرلێكراوانی كۆمەڵ، يانی ديموكراسيی پرۆليتێری كە "ديموكراسييە بۆ هەژاران" وە سەركوتە بۆ بۆرژوازی، ڕوويەكی تری ديكتاتۆريی پرۆليتاريايە، يانی ڕوويەكی تری وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سياسی لە لايەن پرۆليتارياوەيە وەك چينێك و تەنيا تاقە چينێك. بەرنامەی لانی زۆری كۆمۆنيستەكان ئەم مانايە بە ڕۆشنی بەدەستەوە دەدا. وە ئەو ديموكراسييەی كە پرۆليتاريا لە سەردەمی سەرمايەداری و بۆ سازدانی شۆڕشی پرۆليتێری لە پێناويدا شەڕ دەكا، ديموكراسييەكی بۆرژواييیە كە تا دوايين پلەی گونجاو پەرەی پێ درابێ. وەديهێنانی كۆمارێكی ديموكراتيك وەك ئامرازێك كە ڕێگا بۆ خەباتی پرۆليتاريا بەرەو وەدەسهێنانی دەسەڵاتی سياسی و دامەزراندنی ديكتاتۆريی پرۆليتاريا خۆش دەكا شێلگيرانە شەڕ دەكەين، وە لە هەمان كاتيشدا "نابێ ئەوەمان لەبير بچێتەوە" كە ئەو كۆمارە ناتوانێ جێگای ديكتاتۆريی پرۆليتاريا بگرێتەوە. ئەوە ئەركی سەرشانی بەرنامەی لانی كەمی ئێمەيە كە ناوەڕۆكی عەمەلی ئەم شكڵە هەرە ديموكراتيكەی كۆماری لە "سەردەمی سەرمايەداريدا" دياری بكا. كەوايە لەو جێگايەی كە لێنين و بۆڵشەڤيكەكان لە بەرنامەی لانی كەمدا باسی ئازاديی هەموو "هاووڵاتيان" دەكەن، ئەم لايەنەی مەسەلەكەيان لەبەرچاوە. ئەوان لە بەشی لانی زۆردا پێويستييەكانی وەديهێنانی ديموكراسيی پرۆليتێرييان هێناوەتە گۆڕ، وە ڕێگای



خەبات بۆ ئەم ديموكراسييەيان نيشانی جەماوەر داوە. وە لە بەرنامەی لانی كەمدا تەنيا باسی كۆمەڵێك هەلومەرجی ديموكراتيك دەكا، كە ئەو هەلومەرجە ديموكراتيكە لە هەمان كاتدا كە ناتوانێ ديموكراسيی پرۆليتێری بێ، بە پێچەوانەی مەيلی بۆرژوازی، پەرەدارترين و بەرينترين شكڵی ديموكراسی بەسەر بۆرژوازيدا دەسەپێنێ و هەلومەرجی لەبار بۆ هەڵخڕاندنی پرۆليتاريا پێك دێنێ. لێنين و بۆڵشەڤيكەكان ئەم خۆشباوەڕييەيان نييە و پەرە بەم خۆشباوەڕييەش نادەن كە بەبێ دامەزرانی ديكتاتۆريی پرۆليتاريا، لە كۆمارێكی ديموكراتيكدا ئيمكانی بەڕێوەچوونی "ديموكراسی بۆ گەل و هەر بەتەنيا بۆ گەل" هەيە و لە هەمان كاتدا شێلگيربوونيان لە پێناوی وەديهێنانی ديموكراتيكترين ڕژێمی سياسی لە سەردەمی سەرمايەداريدا، لە داخوازييەكانی بەرنامەی لانی كەمدا ڕەنگ دەداتەوە.

بەڵام "بەياننامە" چی كردووە؟ لێرەدا بە ئاشكرا ديارە كە فيداييیانی خەڵك لە نێوان دوو بەشی لانی زۆر و لانی كەمی بەرنامەدا، بەشێكی ناوەنجييان هەڵبژاردووە، وە بە نێوان دوو شۆڕش و دوو شەڕی هاوكاتی ديموكراتيك و سۆسياليستيی پرۆليتاريادا، ڕێگايەكی ناوەنجييان گرتووەتە پێش. داخوازييە سياسييەكانی بەياننامە باسی "ديموكراسی بۆ گەل" دەكا بەبێ ئەوەی باسی ديكتاتۆری پرۆليتاريا (كە ئەو ديموكراسييە دەبێ پشتی پێ ببەستێ) بەسەر زاريدا بێ. "بەياننامە" هەر وەك لە داخوازييە ئابووری و ڕيفاهييەكانيشدا وای كردبوو، لێرەش دوو بەشی بەرنامەی م. ل. تێكەڵ دەكا. داخوازييەكانی لانی كەمی ئێمە سەرخەتی ديموكراسيی پرۆليتێری ناهيننەگۆڕ، چونكە ئەمە لە گرەوی دامەزرانی ديكتاتۆريی پرۆليتاريادايە كە دەبێ لە بەشی لانی زۆری بەرنامەدا باسی بكرێ،

بەڵکوو سەرخەتی شکڵی هەرە کامڵی دیموکراسیی بۆرژوایی بەیان دەکا. بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی کە ئەرکی دەسبەجێی خۆی بەوە داناوە شۆڕشێکی دیموکراتیکی سەرکەوتووانە ڕێبەرایەتی بکا، تێنەگەیشتن و لەبەرچاونەگرتنی ئەم مەسەلەیە کەمایەسییەکی قورس و فەوتێنەرە.

بەڵام بۆچی پۆپۆلیزم بەم ڕادەیە مەیلی بە تێکەڵکردنی ئەم دوو بەشە جیاوازەی بەرنامەی کۆمۆنیستی هەیە؟ هۆیەکەی ڕوون و ئاشکرایە، پۆپۆلیزم ئامانجی سۆسیالیزم لە خەباتی چینایەتیی چینێکی دیاریکراو یانی پرۆلیتاریا، جیا دەکاتەوە و چاوەڕێی ئەوەیە بزووتنەوەیەکی سەرووچینایەتی سۆسیالیزم بەدی بینێ. سۆسیالیزم گەلیَ لە کێشەی نێو "بەرەی گەل" دەترسێ، وە بە تایبەت بەرژەوەندیی سەربەخۆی پرۆلیتاریا و ویستی پرۆلیتاریا بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری تاقانەی خۆی پەردەپۆش دەکا. ئەم خەباتە ئەمڕۆ لەپشت پەردەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە_ دیموکراتیکدا، وە سبەینێ بە ئاشکرا پەرە دەستێنی و هەموو ویست و هونەری پۆپۆلیزم ئەوەیە کە هەم ئەمڕۆ و هەم سبەینێ، سەری ئەم خەباتە بنێتەوە و بیشارێتەوە(2). پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، ئەم دوولایەنەی خەباتی خۆی لە تیۆری و بەرنامە و ڕێکخراوەیی خۆیدا لێک جیا دەکاتەوە. تیۆری شۆڕشی سۆسیالیستی و شۆڕشی دیموکراتیک و پەیوەندی نێوان ئەم دووانە، لێکجیاکردنەوەی بەرنامەی لانی زۆر و لانی کەم، وە جیاکردنەوەی حیزبی چینایەتی لە بەرەی دیموکراتیکی شۆڕشگێڕ، ڕەنگدانەوەی ئەم هۆشیارییەی پرۆلیتاریای سۆسیالیستە بەرانبەر بە بەرژەوەندی سەربەخۆ و ئەرکی دووانە و هاوکاتی خۆی. لەم ڕووەوە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ ڕادەگەیەنێ کە لە هەمان کاتدا کە بۆ سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و دیموکراسیی



پرۆلیتێری خەبات دەکا، بۆ شکڵی هەرە کامڵی دیموکراسی بۆرژواییش، وەک ئامرازێک بۆ خۆشکردنی ڕێگای خەباتی چینایەتی تێدەکۆشی، لە هەمان کاتدا کە بۆ بەدیهێنانی بەرنامەی لانی زۆر خەبات دەکا، بۆ وەدیهێنانی بەرنامەی لانی کەمیش تێدەکوشی و لە هەمان کاتدا کە لە ڕیزەکانی حیزبی چینایەتیی سەربەخۆیدا ڕێکخراوە، لە بەرەی هێزە شۆڕشگێڕ_ دیموکراتیکەکانیشدا هەڵسووڕاوانە بەشداری دەکا و هەوڵ دەدا کە ڕابەرییەکەیان بە دەستەوە بگرێ. کەوایە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ هیچ پێویستییەکی بەوە نییە کە جەوهەری بۆرژوا_ دیموکراتیکی داخوازییەکانی لانی کەمی خۆی (کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەیانهێنێتەگۆڕ) پەردەپۆش بکا. چونکە دژایەتی و دوژمنایەتی خۆی بەرانبەر بە کۆمەڵی بۆرژوایی بەگشتی، لە بەرنامەی لانی زۆردا ڕاگەیاندووە و هەروەها بە داڕشتن و هێناگۆڕی کامڵترین و هەمە لایەنەترین داخوازیی دیموکراتیک لە بەرنامەی لانی کەمدا (کە بە تایبەت لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا بۆرژوازی ناتوانێ قەبووڵی بکا و بیسەلمێنێ) و بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و شێلگیری خۆی لە پێناو وەدیهێنانی ئەم داخوازییانەدا، دژایەتی خۆی بەرانبەر بەو خەیانەتەی کە لیبراڵیزم دەرهەق بە دیموکراسی بۆرژوایی کردوویە، دەربڕیوە.

بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و بەردەوامبوونی خەباتی چینایەتی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا بۆ پۆپۆلیزم وەک مۆتە وایە. کەوابوو بە ناچار دەبێ بەرنامەی لانی زۆری پرۆلیتێری بێدەنگەی لێ بکرێ و سەری بنرێتەوە. بە هیچ شێوەیەک باسی سۆسیالیزم و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەکرێ، بەڵێ هەموو ئەمانە بکرێ بەبێ ئەوەی پووچبوون و بێکەڵکبوونی "ڕادیکاڵیزمی" ئەم بۆچوونە وردەبوژوایییە و پەیوەندی ئەم "ڕادیکاڵیزمە" لەگەڵ دیموکراتیزمی ناشێلگیری

وردەبوژوایی پەردەی لەسەر لاچێ. کەوایە چارە چییە؟ "سەری بەرنامەی لانی زۆر بنێینەوە، بەڵام بەرنامەی لانی کەم بکەینە دژی کاپیتالیستی"، لە شۆڕشێکی دیموکراتیکدا بەهێزی هەموو گەل بە گشتی، سەرمایەداری لەناوبەرین" هەر بەم بۆنەیەوە "بەیاننامە" کە لە بەشی ئابووریدا بەبێ ئەوەی ناوی سۆسیالیزم بەرێ لەپەنای دەوڵەتی شۆڕشگێڕدا، سەرمایەدارانی تەفروتوونا کردبوو، وە بێکاری و هەژاری و گرانی نەهێشتبوو، وە کارخانەکانی هێنابووە ژێر دەسەڵاتی کرێکاران، ئەمجار لە مەیدانی سیاسیدا بەبێ پێویستبوونی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، یانی بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەکی بەوە هەبێ کە پرۆلیتاریا ببێتە چینی دەسەڵاتدار، بە پشتئەستووریی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی گەل دیموکراسی بۆ گەل و تەنیا هەر بۆ گەل (ناوێکی ترە بۆ دیموکراسی پرۆلیتێری) لە کۆمەڵدا بەڕێوە دەبا! لێرەدا ئیتر بە پانەوە "بەیاننامە" ملی بۆ ئەو پۆپۆلیزمە ڕاکێشاوە کە بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا زاڵە.

بەڵام ڕوانینی ڕووکەشی و ناوەڕۆکی وردەبۆرژوایی ئەم جۆرە ڕادیکاڵیزمە هەر بەوەندە کۆتایی پێ نایە. هێناگۆڕی دیموکراسی "بۆ گەل و ئەو هێزانەی پارێزەری بەرژەوەندیی گەلن" وەک داخوازییەک بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی بۆ ئەفراد و حیزب و دەستە و تاقمە سیاسییەکان، بەو مانایەیە کە ئەم داخوازییە، وەک هەموو داخوازییەکی لانی کەمی تر، هەمیشە هەتا ئەو کاتەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دانەمەزراوە و جێگیر نەبووە، دەبێ توانای هاتنەگۆڕی هەبێ و ببێتە بناغەی هەڵخڕاندنی جەماوەر. یانی نەک هەر دەوڵەتی شۆڕشگێڕ قۆڵ لە وەدیهێنانی هەڵدەماڵێ، بەڵکوو ئەم داخوازییە دەتوانێ و دەبێ بخرێتە بەرانبەر هەر دەوڵەتێکی بۆرژواییشەوە(3). بەم جۆرە ئەگەر لە دەوڵەتێکی بۆرژوایی، بۆ نموونە هەر لەم ڕژێمی



کۆماری ئیسلامییە، داوای ئەم خاڵە بکەین، چیمان کردووە؟ داوامان لێکردووە کە، ئێمە "شۆڕش و دژ بە شۆڕش" و "گەل و دژی گەلی" بە چ پێناسێک دەناسین، ئەویش هەر بەو پێناسەیان بناسێ. هەڵبەت ئەم خەیاڵە پووچ و خۆشباوەڕانەیە، کە پێش ڕاپەڕینی ڕێبەندان زۆر باوبوو، ئێستا ئیتر دەبێ پووچبوونی بۆ هەمووان ڕوون بووبێتەوە. ئایا ئەم داخوازییە کتومت هەر هەمان لائیحەی ئەنجوومەنی ئیسلامی نییە کە ئێستا خەریکە پەسەند دەکرێ و حیزبی توودە و "ئەکسەرییەت" بە تەواوی تەبلیغی بۆ دەکەن؟ ئەو لائیحەیەش هەر ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی "تەنیا بۆ هێزەکانی لایەنگری بێدەسەڵاتان" داوا دەکا، وە ئەمە بەپێی لێکدانەوەی ڕژێم ماناکەی ئەوەیە کە دەستی بۆژوازی بۆ سەرکوتی کۆمۆنیستەکان و دیموکراسی شۆڕشگێڕ ئاواڵە بێت. لێرەدا گرنگبوونی ئەو مەسەلەیە کە ئێمە خوازیاری ئازادیی کاملّی هەڵسووڕانی سیاسی بۆ هەموو هاووڵاتیانین، دەردەکەوێ. ئەم فۆرموولبەندییە پێش بەوە دەگرێ کە بۆرژوازی بە ئارەزووی خۆی مەسەلەکە لێک بداتەوە و تەحریفی بکا، وە ناهێڵێ بۆرژوازی بە عەوامفریوی و فێڵ و تەڵەکە ئازادی لە ئۆردوگای ڕاستەقینەی شۆڕش زەوت بکا. لە لایەکی ترەوە ئایا کۆمۆنیستەکان، ئازادییان هەر بۆ ئەوە ناوێ کە وەک مەیدانێک کەڵکی لێ وەرگرن کە تێیدا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و زانستی جەماوەر پەروەردە بکەن و دۆست و دوژمنی خۆیانیان پێ بناسێنن؟ کۆمۆنیستەکان هەر لە جەرگەی ئەم خەباتەدا، یانی خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕووخاندنی هەر چەشنە ملهووڕییەکدا، ئەو بۆچوونە بۆرژوادیموکراتیکە کە لەنێو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشدا هەیە بەدەستەوە دەگرن و لەوێوە دەست پێ دەکەن بۆ ئەوەی نیشانیان بدەن کە پێویستە لە کۆمەڵی بۆرژوایی و دیموکراسیی بۆرژوایی

واوەتر بچن و کاری خۆیان لەگەڵ سەرتاپێی ئەم نیزامە و ئەو هێزانەی پارێزەر و لایەنگری ئەم نیزامەن یەکلایی کەنەوە. ئەگەر پێویستە ئەم جەماوەرە (لانی کەم بەشێکی زۆر لەم جەماوەرە) لە جەرگەی خەبات لە پێناو ئازادیدا (هەر لە ئازادی بیروباوەڕ و بەیانەوە بگرە هەتا مافی مانگرتن و ...) پەروەردە بن بۆ ئەوەی پێویستبوونی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سەرکوتی توندوتیژی بۆرژوازی و حیزبەکانی بەدەست پرۆلیتاریا، بسەلمێنن، وە ڕوو بکەنە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک ئامرازی سیاسی_ ڕێکخراوەیی خۆیان، دەبێ لە سەرەتاوە دان بە بەرهەقبوون و ڕەوابوونی کۆمۆنیستەکاندا بنێن، تا پاشان لە پێناوی ئازادیی هەڵسووڕانیاندا ڕاپەڕن، بەڵام چلۆن؟! ئەمە یانی چاوەڕوانکردنی هۆشیاری پێش هۆشیاربوونەوە. جارێکی تر نامیلکەی "ئیکۆنۆمیزمی ئیمپریالیستی و کاریکاتۆرێک لە مارکسیزم" بخوێننەوە. ئایا لێنین خوازیاری ئەوە نییە کە لە جەرگەی خەبات لە پێناوی شکڵی هەرە کامڵی مافە بۆرژوا_ دیموکراتیکەکاندا، کۆمەڵانی کرێکاری تێبگەیەنین کە دیموکراسی بۆرژوایی، وە یان ملهوڕی، گیروگرفتی سەرەکی ئێمە نین، بەڵکوو سەرمایەداری بەرۆکی پێ گرتووین. (سەرنج بدەنە ئەو نموونەیە کە لێنین لە بابەت داخوازی "تەڵاق"وە ئاماژەی پێ دەکا.)

دووەم: ئەو "داخوازی"یە کە ئازادی و دیموکراسی هەر بەتەنیا بۆ گەل و ئەو هێزانەی کە پارێزەری بەرژەوەندیی گەلن "داوا دەکا لەو ئاستەی کە ئەرکی قانوونی وەدیهێنانی ئەم داخوازییە دەنرێتە سەرشانی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" بەرچاوتەنگی و بۆچوونی ڕووکەشییانەی خۆی لەچاو ئەو بۆچوونەی کە لێنین سەبارەت بە خەبات لە پێناوی سەرکوتی سیاسیی بۆرژوازی بەهۆی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاوە هەیەتی، بە تەواوی ئاشکرا دەکا. لێنین دەڵێ:



"هەر وەک باسم کرد بێبەشکردنی بۆرژوازی لە مافی هەڵبژاردن، نیشانەی مسۆگەری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نییە، وە ئەمە بۆ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نیشانەیەکی پێویست نییە". لە ڕووسیاش بۆڵشەڤیکەکان کە ماوەیەک پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر درووشمی دیکتاتۆرییەکی لەم چەشنەیان هێنابووە گۆڕ، لەپێشدا هیچ باسی ئەوەیان نە دەکرد کە چەوسێنەران لە مافی هەڵبژاردن بێبەری بکرێن. ئەم بەشە تەرکیبییەی دیکتاتۆری، "بەپێی نەخشەی حیزب"ێکی دیاریکراو پێک نەهاتووە، بەڵکوو خۆی لەخۆیەوە لە ڕەوتی خەباتدا پێک هاتووە و هەڵبەت کاوتسکیی مێژوونووس بەم مەسەلەیەی نەزانیوە. کاوتسکی نەیزانیوە کە بۆرژوازی هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی مۆنشەڤیکەکان (ئەوانەی لەگەڵ بۆرژوازی ڕێک کەوتن) بەسەر شووراکاندا، خۆی لە شووراکان دوور خستەوە، شووراکانی تەحریم کرد، کەوتە بەرانبەر شووراکانەوە و لە دژی ئەوان دەستی دایە پیلانگێڕان. شووراکان بەبێ هیچ قانوونێکی بنچینەیی پێکهاتن وە زیاتر لە ساڵێک (لە بەهاری ساڵی 1917ەوە هەتا هاوینی ساڵی 1918) بەبێ هیچ قانوونێکی بنچینەیی درێژەیان بە ژیانی خۆیان دا. ڕق و تووڕەیی بۆرژوازی بەرانبەر بە ڕێکخراوی سەربەخۆ و خاوەن توانای زۆرلێکراوان، خەبات، ئەویش بێپەردەترین و ڕەشترین خەباتی بۆرژوازی لە دژی شووراکان (هەر لە کادیتەکانەوە بگرە هەتا ئێس ئارە ڕاستەکان، لە میلیۆکوفەوە بگرە هەتا کیرنیسکی)، لە هەرای کۆرنیلۆفدا، هەموو ئامانە بوون بە هۆی ئەوەی کە بۆرژوازی بە فەرمی لە شووراکان وەلانرێ. " (شۆڕشی پرۆلیتێری و کاوتسکیی وەرگەڕاو، جەختەکان هی لێنینن)

به وتەیەکی تر لێنین بە ڕوونی پرۆسەی زەوتکردنی ئازادیی سیاسی لە بۆرژوازی، وەک پرۆسەیەکی سیاسی_ پراتیک باس لێ دەکا، کە هیچ نیزامنامە و ئاییننامەیەکی لەپێشەوە بۆ دیاری نەکراوە. ئەم خەباتە چینایەتییەی پرۆلیتاریا و ئەو شکڵ و شێوە تازانەی کە ئەم خەباتە دەیان ڕەخسێنێ، ڕێگا بۆ سەرکوتی بۆرژوازی و زەوتکردنی ئازادی لەو خۆش دەکا. ئەو دیموکراسییە پرۆلیتێرییەی کە لێنین باسی دەکا، دیموکراسییەک کە تەنیا هەر بۆ "گەل"ە، دیموکراسییەکە لەسەر بنچینەی ئەو شکڵ و شێوە تایبەتانەی کە پرۆلیتاریا توانیویەتی تێیدا پەرە بە دیموکراسی بدا، وە بە چەشنێک بناغەکەی داڕێژێ، کە بۆرژوازی خۆی بەپێی جەوهەرە چینایەتییەکەی لێی بێبەری بێ، وە لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا تەحریمی بکا:

پرۆلیتاریای ڕووسیا دەسبەجێ، هەر چەند سەعات پاش ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوە گرت، هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگای دەوڵەتی پێشووی ڕاگەیاند (دامودەزگایەک کە ماوەی چەندین سەدە تەنانەت لە دیموکراتیکترین وڵاتە کۆمارییەکانیشدا، خزمەتکاری بەرژەوەندیی چینایەتیی بۆرژوازی بووە، هەر وەک مارکس نیشانی داوە) و "دەسەڵاتی بە تەواوی بە شووراکان" ئەسپارد، وە تەنیا زەحمەتکێشان و چەوساوەکان توانییان بچنە ناو شوراکانەوە، هەموو چەوسێنەران لە هەر ڕەنگ و لیباسێکدا بوون، لە دەرەوەی شووراکان مانەوە." (لێنین، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەران و دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا).

بەڵام "بەیاننامە" دەڵێ چی و داوای چی دەکا؟ "بەیاننامە" کە خێرخوایی "فیداییانی خەڵک" و "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ"ی ناوەتە جێگای خەباتی چینایەتیی ڕاستەقینەی پرۆلیتاریا، لەجیاتی ئەوەی



زەوتکردنی ئازادی لە بۆرژوازی بەم خەباتە چینایەتییەوە، وە بە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری ئەم خەباتەوە گرێ بدا، یەکجێ بە "کۆمیتەی زەربەتی دەوڵەتی شۆشگێڕ" دەسپێرێ، تا دەرگای حیزب و هێزە بۆرژواییەکان بە قوڕ بگرێ، وە بە زەبری قانوون پێش بە هەڵسووڕانی سیاسیی دوژمنانی بگرێ. بەیاننامە هیچ کاری بە خەباتی چینایەتی و ئەو شکڵ و شێوە جۆراوجۆرانەی خەبات کە تێیاندا دیموکراسی بۆ گەل پەرە بسێنێ و بۆرژوازی مەیدانی هەڵسووڕانی لێ تەنگ دەبێتەوە، ئەو شکڵ و شێوە جۆراوجۆرانەی کە لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا، (لە بابەت سۆڤێتەوە لە شکڵی تایبەتی دیموکراسیی شوورایيدا) بە کامڵترین شێوە خۆی دەنوێنێ، نییە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە بەرانبەر بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی کەمتەرخەمە. لێنین دەڵێ دەسەڵات کەوتە دەستی شووراکان و بۆرژوازی لە دەرەوەی شووراکان مایەوە و دوژمنایەتی لەگەڵ کردن، وە هەر بەم بۆنەیەوە ئازادی و دەسەڵاتی لێ زەوت کرا. وە "بەیاننامە" خوازیاری ئەوەیە کە قانوونێک پەسەند بکرێ کە پێش بە هەڵسووڕانی حیزبە بۆرژواییەکان بگرێ(4). برێک وردتر بینەوە، ئەو بۆچوونەی "بەیاننامە" کە دەیەوێ ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسیی حیزبی، بە هێزە گەلییەکان بدرێ و لەم ڕێگایەوە دیموکراسی بۆ گەل تەرخان بکرێ، ماناکەی هەر ئەوەیە کە حیزب و دەستە و تاقمە بۆرژواییەکان بە نایاسایی ڕاگەیەندرێن و ئاکسیۆنە سیاسییەکانی بۆرژوازی سەرکوت بکرێن. بەڵام ئایا ئەو حیزبانەی کە داکۆکی لە بەرژەوەندیی چینێکی تایبەت دەکەن، لە ئەندامانی هەمان چین پێک دێن و بەڵگەی پێناسی ئەوەیان پێیە کە چ جێ و شوێنێکیان لە بەرهەمهێناندا هەیە؟ ئایا ئەنجوومەنە فالانژیستەکان، پانئیسلامیستەکان، پانئێرانیستەکان، سەڵتەنەتخوازەکان و هێزە

ناکرێکارییەکانی تر کە لایەنگری بێ سێ و دووی بەرژەوەندیی بۆرژوازین، ناتوانن هەبن، وە یان نین؟ ئایا "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" دەرگای ئەمانە دادەخا؟ ئایا ئۆپۆرتیۆنیزم و فراکسیۆنە ئۆپۆرتۆنیستییەکانی ناو ڕەوتە کرێکاری و کۆمۆنیستییەکان، لایەنگرانی بۆرژوازی نین؟ ئایا قانوونی ئەحزابی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" لێرەشدا دەوری حەکەم دەگێڕێ؟ زەوتکردنی ئازادیی هەڵسووڕان لە بۆرژوازی و "دوژمنانی گەل" زۆر چاکە، بەڵام بۆرژوازی سبەینێ بە چ شێوەیەک دێتە کایەوە و چالاکی دەنوێنێ؟ "حیزبی کۆماری ئیسلامی"، "نەهزەتی ئازادی"، "جەبهەی میللی" و "خەڵکی موسڵمان" و ... ئەمانە ڕێکخراوی ئێستای بۆرژوازی و دوژمنانی شۆڕشن. ئەمانە سبەینێ بە ئاشکرا ئابڕوویان پێوە نامێنێ و خودی کۆمەڵانی خەڵک داوای ئەوە دەکەن کە ڕابەر و سەرکردەکەنیان دادگایی بکرێن. بەڵام بۆرژوازی ڕێکخراوی تازە پێک دێنێ. "حیزبی کۆماری خواز"، "حیزبی کرێکارانی ئازاد"، "حیزبی جووتیارانی تەوحیدی" و ... ! بە داخەوە دەبێ بەو پۆپۆلیستانەی کە پشتیان بە "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" و "قانوونی ئەحزاب" بەستووە بڵێین، کە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆ لە بەرەی چینی کرێکاردان و سبەینێ بە دیتنی ئاسۆی لووزەوبەستنی شۆڕش بەرەو دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ترس هەڵیان دەگرێ، دەبێتە کاریگەرترین مەیدانی هەڵسووڕانی بۆرژوازی و ئیمپریالیزم لە سبەی ڕۆژی شۆڕشدا. هەر کەس حەرەکەتی خومەینی "گەلی" و دەوری دوێنێی خومەینی لە خەبات لە دژی ڕژێمی پاشایەتیدا، وە دەوری ئەمڕۆی لە خەبات دژی دیموکراتیزمی پرۆلیتێری و سۆسیالیزمدا دیتبێ، هەر ئەوەندەی لەدەست دێ کە خۆی دان بەوەدا بنێ کە هێنانەگۆڕی مەسەلەی "زەوتکردنی ئازادی لە



بۆرژوازی" لە قاڵبی داخوازییەکدا بۆ "تەرخانکردنی ئازادی بۆ گەل و ئەو هێزانەی کە پارێزەری بەرژەوەندی گەلن" (جۆرێک گەل و هێزی گەلی کە لەپێشەوە ناسراون)، وە ئەویش بەپێی "گەلاڵەی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی دیاریکراو" شتێکی پووچ و بێ کەڵکە. ئەم داخوازە حوقووقی_ دادوەرییە، ئەو کارانە کە دەبێ بە هەڵسووڕانی تەبلیغی و تەرویجیی ئێمە بە پەردەلادان لەسەر بۆرژوازی، بە ئاکسیۆنەکانی ئێمە، بەو مانگرتنە کرێکارییانە کە ڕابەرییەکانیان بەدەست ئێمەوەیە، بە شکڵ و شێوەی تایبەتیی بەڕێوەچوونی ئیرادەی جەماوەر کە هەلومەرجی شۆڕش دەیان ڕەخسێنێ، وەدی بێن، دەسپێرێتە دەست دامودەزگا ئیجراییەکانی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ و "قانوون و ئاییننامەکانی" ئەو دەوڵەتە. لێنین باسی ئەوە دەکا بە پشتئەستووری ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە پرۆلیتاریا زەوتی دەکا، وە بە پشتئەستووری شکڵ و شێوەی تازەی بەڕێوەچوونی ئیرادەی دیموکراتیکی جەماوەر، جۆرە دیموکراسییەک (دیموکراسی بۆرژوایی) بگۆڕدرێ و ببێتە جۆرە دیموکراسییەکی تر (دیموکراسی پرۆلیتێری). لێنین ئەمە بە بناغەی دیموکراسی پرۆلیتێری دەزانێ، وە بەیاننامەکە دواهەنگاوی دیموکراتیزمەکەی لە دامەزرانی "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ" بەولاوەتر ناچێ، دەیەوێ بە قرتاندنی کلک و گوێی دیموکراسیی بۆرژوایی و دانانی هەندێک قەید و شەرت بۆ ئەم دیموکراسییە (یانی هەر بە پەرلەمانتاریزم، بە مەرجێک بۆرژوازی مافی ئەوەی نەبێ لە پەرلماندا بەشداری بکا)، پێش بە هەڵسووڕانی سیاسیی بۆرژوازی بگرێ. بێگومان یەکێک لە ئامرازەکانی پرۆلیتاریای دەسەڵاتدار بۆ زەوتکردنی ئازادیی هەڵسووڕانی سیاسی لە بۆرژوازی، ئەوەیە کە دەوڵەتی پرۆلیتێری بە قانوون، حیزبە بۆرژواییەکان لە مافی هەڵسووڕانی سیاسی بێبەش بکا، بەڵام ئەم

بێبەشکردنە حقووقی و قانوونییە، توێکڵ و ڕووپۆشێکی حوقووقی و قانوونییە بۆ ئەو هەلومەرجەی کە خەباتی چینایەتی بەکردەوە، زەمینە و هۆی بەدیهاتنی پێک هێناوە و چەسپاندوویەتی. بەڵام ئەو خۆشباوەڕییە کە بەتەمایە پرۆسەی زەوتکردنی ئازادی لە بۆرژوازی لەسەر لایەنی قانوونی مەسەلەکە دامەزرێنێ، هیچی تر نییە جگە لەوەی بە چاویلکەی پەرلەمانتاریزمی بۆرژوایی بە تایبەت، وە لیبراڵیزمی بۆرژوایی بە گشتی، بڕوانێتە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا.

لێرەدا ئەم باسە دەبڕینەوە و هەر ئەوەندە دەڵێین، ئێمە کە لە فۆرموولبەندیی پۆپۆلیستیی داخوازییەکانی لانی کەم (وەبە تایبەت بەشە سیاسییەکەی) ڕەخنە دەگرین، قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە ئایا ئەم جۆرە فۆرموولبەندییانە لەگەڵ یاساکانی م. ل. دێنەوە یان نا؟ قسە لەسەر ئەوەیە کە تیۆری و بەرنامە و درووشمی پۆپۆلیستی نەک هەر پێش بەوە دەگرێ کە پرۆلیتاریا دەستی بە سۆسیالیزم بگا، بەڵکوو پێش بەوەش دەگرێ کە پرۆلیتاریا ڕێبەرایەتی شۆڕشێکی دیموکراتیکی سەرکەوتووانە بکا. سۆسیالیزمی گەلی شێوەیەکی تری دیموکراتیزمی ناشێلگیری وردەبوژوابییە و ئەمڕۆ کە شۆڕش ڕووی کردووەتە گەشەیەکی نوێ، دەرهاویشتنی بیروباوەڕی پۆپۆلیستی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە، کە پاڵاوتنی ئەم بزووتنەوەیە چ دەورێکی کاریگەری لە تێکشکان، وە یان سەرکەوتنی شۆڕشدا هەیە، یەکجار گرنگ و حەیاتییە. بۆرژوازیی لیبراڵ تەنیا ئەوەی پێویستە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە شۆڕشی دیموکراتیکدا مل بۆ بەرنامەیەکی پۆپۆلیستی ڕاکێشێ، چونکە دەیەوێ بە کەڵکوەرگرتن لە بۆشایی دیموکراتیزمی شێلگیری پرۆلیتێری و بۆچوونە بەرنامەیی (و هەر بەم پێیە، تەبلیغی و ڕێکخراوەیی)یەکەی، جارێکی تر دەورێکی سەرکەوتووانە بگێڕێ، بۆ



ئەوەی بزووتنەوەی جەماوەری بەرێتە قەتلگا و بناغەی دەسەڵاتدارەتی بۆرژوازی و ئیمپریالیزم پتەو بکاتەوە. هەر بەم بۆنەیەوە ئێمە بە درێژی "بەیاننامە" چوار لاپەڕەیییەکەی هاوڕێیانی "سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵک"مان دایە بەر لێکۆڵینەوە و هەوڵمان دا وێڕای بە ڕەسمیناسینی دەسکەوتەکانی لە زەمینەی بەرزکردنەوەی. شکڵی تەبلیغ لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بەرانبەر بە لادانە بنەڕەتییەکانی ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە هەڵوێستی ڕاست و ڕەوا بگرین. هیواداریین هاوڕێیانیش هەڵسووڕاوانە لەسەر ئەم ڕەخنەیە هەڵوێست بگرن.

❊

## پەراوێزەکان

1) ئێمە بۆ جیاکردنەوەی ئەم هاوڕێیانە لە ئۆپۆرتۆنیستەکانی "ئەکسەرییەت"، تەنیا یەک جار لە سەرەتای ئەم وتارەدا، بە ناوی "هاوڕێیانی ئەقەلییەت" ناومان بردوون و ئیتر لە هەموو وتارەکەدا هەر وەک هاوڕێیان لە بەیاننامەکەدا بە ناوی "فیداییانی خەڵک" خۆیان ناساندووە، ئێمەش هەر وامان ناو هێناوە.

2) وەک یەکێک لە دوایین نموونەکانی بەرچاوکەوتنی ئەم جۆرە خۆشباوەڕییانە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێراندا، سەرنجی هاوڕێیان بۆ ئەم پەرەگرافەی خوارەوە کە لە پاشکۆی تیۆریی "ڕەزمەندەگانی ژمارە 43"دا لە چاپ دراوە، ڕادەکێشین: کۆماری دیموکراتیکی خەڵکیش کە دەسەڵاتدارەتییەکەی لەژێر ڕابەریی پرۆلیتاریادا لە توێژە خەڵکییەکان پێک دێ، ناوەڕۆکێکی بۆرژوایی هەیە، بەڵام لێرەدا بەهۆی یەکبوونی ڕووگەی کۆمەڵ(!؟) لەگەڵ ڕووگەی مێژوویی پرۆلیتاریا کە دەسەڵاتدارەتی بەدەستەوەیە، هەلومەرج بەتەواوی بۆ سۆسیالیزم (سەرنجی بدەنێ دەڵێ بۆ سۆسیالیزم نەک بۆ خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا) پێک دێ. دیموکراسی پەرە دەستێنێ، پیشەسازی لە زەمینەی جۆراوجۆردا پەرەدەستێنی ... هتد. کۆمەڵ دەبێتە پەیکەرێکی یەکپارچە (یانی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی نامینێ؟!) وە حەرەکەتی دەسەڵاتدارەتی



لەگەڵ بەرژەوەندیی پرۆلیتاریا و هەموو چینەکان دێتەوە (جا ئەگەر ئەم چینانە خۆبەخۆ ناتەباییان هەیە و بەرژەوەندییان لەگەڵ یەکتر نایەتەوە قەی ناکا!) و بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو دەنێن، وە ئاشکرایە کە لە وەها هەلومەرجێکدا خەبات لە دژی ئەمجۆرە حوکوومەتە بە بیانووی ئەوەی کە جۆرە پەیوەندییەکی سەرمایەداری دەپارێزێ، جگە لە ئانارشیزمی ڕووت هیچی تر نییە. لێنین ڕوو دەکاتە ئەم لایەنگرانەی "وەحدەتی کەلیمە" و دەڵێ:

ئێمە پاش بەئەنجامگەیاندنی شۆڕشی دیموکراتیک دەسبەجێ و ڕێک بە قەدەر هێزی خۆمان، کە هێزی پرۆلیتاریای هۆشیار و ڕێکخراوە، شۆڕشی سۆسیالیستی دەست پێ دەکەین. ئێمە لایەنگری شۆڕشی بێوچانین، ئێمە لە نیوەڕێدا ڕاناوەستین".

دەستپێکردنی دەسبەجێی خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا، ئەویش لە ڕووسیای تزاری کە ئەگەر شۆڕشی دیموکراتیک سەرکەوتبا و دیموکراسی و "پیشەسازی" و ... توانیبای زۆر زیاتر و بەرینتر لە کۆمەڵی ئێستای ئێمە گەشە بکا و پەرە بستێنێ! ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ئەگەر شۆڕش سەرکەوتبا، بە هەمان دەمودووی غەیرە مارکسیستی "ڕەزمەندەگان،" "ڕووگەی کۆمەڵ" بە شێوەیەکی زیاتر و کامڵتر "لەگەڵ ڕووگەی مێژوویی پرۆلیتاریا" دەهاتەوە! داوا لە هاوڕێیان دەکەین هەتا زووە کاری خۆیان لەگەڵ حوکمی ئاوا ئانارشیستی یەکلا بکەنەوە؟

3) لێنین لە وەڵامی بوخارین و سیمرنوفدا کە ساڵی 1917 خوازیاری وەلانانی بەرنامەی لانی کەم بوون، دەنووسێ:

"بەرنامەی لانی کەم لە زەمینەی سیاسیدا لەبەرچاو بگرن، ئەم بەرنامەیە لە چوارچێوەی کۆماری بۆرژواییدا نامێنێتەوە، ئێمە ئەوەیش دەڵێین کە خۆمان لەم چوارچێوەیەدا ناهێڵینەوە و

دەسبەجێ خەبات لە پێناوی کۆمارێکی بەرزتردا دەس پێ دەکەین، کۆمارێکی شوورایی. دەبێ ئەم کارە بکەین. بەڵام بەرنامەی لانی کەم نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا وەلا بنرێ، چونکە یەکەم، هێشتا کۆماری شوورایی پێک نەهاتووە، دووەم "تەقەلا بۆ گەڕانەوە" (ی بۆرژوازی) هێشتا هەر هەیە و دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکرێ وتەفروتوونا بکرێ. سێهەم: لە سەردەمی تێپەڕبووندا لە کۆنەوە بۆ نوێ، دەکرێ بۆ ماوەیەک "هەندێک شکڵی تەرکیبی" هەبێ. بۆ نموونە کۆماری شوورایی لەگەڵ ئەنجوومەنی دامەزرێنەران. جارێ ڕاوەستن با بەسەر هەموو ئەم گیروگرفتانەدا زاڵ بین، پاشان کاتی ئەوەش دەگا کە بەرنامەی لانی کەم وەلا بنێین. (لێنین، بەرنامەی حیزب پاش چاوپێداخشاندنەوە، سەرجەمی بەرهەمەکانی لێنین بە زمانی ئینگلیزی، بەرگی 26 لاپەڕەی 172).

4) نموونەی کامڵی ئەم جۆرە بۆچوونە وردەبورژواییيە بەرانبەر بە مەسەلەی دیموکراسی پرۆلیتێری، لە نامیلکەی "بەیاننامەی ڕاگەیاندنی یەکگرتن و ڕێوشوێن و بەرنامە"ی گروپی کۆمۆنیستی نەبەرد"دا، کە مانگی خەرمانانی ساڵی 59 بڵاو کرایەوە بەرچاو دەکەوێ. پلاتفۆرمی ئەحزابی ئەم گروپە، دەڵێی بۆ پێشەنگانی تێکۆشەری چین نە نووسراوە، بەڵکوو بۆ ئەوە نووسراوە، کە لە "کۆمیسیۆنی ئازادیی ئەحزاب"ی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی داهاتوودا پەسەند بکرێ، وە یان ڕەت بکرێتەوە. ئەم پلاتفۆرمە لەجیاتی ڕوونکردنەوەی ئەرکەکانی پرۆلیتاریا لە زەمینەی شێوەی بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ئەم حیزبانەدا، لیستی ئەو حیزبانەی دیاری کردووە کە هەڵسووڕانیان ئازادە، وە یان قەدەغەیە، جگە لەمە، بە بڕێک وردبوونەوە دەردەکەوێ کە ئەم شێوە بۆچوونە بە تەواوی و زۆر بێپەردەتر لە بەیاننامەی فیداییيانی خەڵک، لە باقی داخوازە



دیموکراتیکەکانی گروپی کۆمۆنیستی نەبەرددا خۆ دەنوێنێ. تا ئەو جێگایەی کە تەنانەت "ئازادیی ئایین" و ئەمنییەتیش هەر بۆ گەل و هێزە شۆڕشگێڕەکان دەوێ! (چاو لە لاپەڕەکانی 21_ 19 بکەن).

بە وتەیەکی تر لە کۆماری شۆڕشگێڕی ئەم هاوڕێیانەدا، ئەگەر لە گەڕەکە بۆرژوایيیەکان کەسێک بە بەرچاوی جەماوەرەوە ڕۆژوو بخوا، بۆیە دەبێ حەدی شەرعی لێ بدەن و ئەرکی سەرشانی "دەوڵەتی شۆڕشگێڕ" نییە کە پۆلیس و فەرمانبەری ڕێنمایی گەلیی بۆ پاراستنی نەزم و ئەمنییەت و بەرگریکردن لە تاوان بنێرێتە گەڕەکە بۆرژوایيیەکان!! پێتان وا نەبێ، ئێمە مەسەلەکەمان گەورە کردووەتەوە، وە یا شێواندوومانە، نەخێر ئەمە مانا و یاسای ڕاستەقینەی ئەم بۆچوونە وردەبۆرژوایی و بەرچاوتەنگانەیە بەرانبەر بە دیموکراتییە، کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیش بۆ ئەوەی ئەرکی قەرەبووکردنەوەی زیانی ماڵی و گیانی خەڵکی "غەیرە مەکتەبی" لە کوردستان و باقی ناوچەکانی شەڕ لەسەر شانی خۆی لابا و لە کارخانە و دامودەزگا دەوڵەتییەکان، کار بە کەسانی غەیرە مەکتەبی، تەنانەت نوقسان و پەککەوتووەکان، نەسپێرێ بۆ خۆی کردووەتە بەڵگە و ڕێنوێنی ڕێگا. ئاخر کۆماری ئیسلامیش خوازیاری "دیموکراسی و ئەمنییەت بۆ موسڵمانان و دیکتاتۆری بۆ کافران"ە.

سەرچاوە:

پوپولیزم در برنامه حداقل

"بسوی سوسیالیسم"، دوره اول، شماره 4

بهمن 1359